# زمانی کوردی و دیالێکتەکانی
## شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی

ناوی کتێب: زمانی کوردی و دیالێکتەکانی
ناوی نووسەر: پ. د. فوئاد حەمە خورشید
بابەت: زمانەوانی
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان
تیراژ: 600دانە
نرخ: 1250دینار
ژمارەی سپاردن: 2322 ی 2008
چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2008
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

# زمانی کوردی و دیالێکتەکانی

## شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی

پ. د. فوئاد حەمە خورشید

سلێمانی 2008

زنجیرەی كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
كتێبی سەردەم ژمارە (467)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

دیارییەکەو... بەگیانی پاکی
باوکم... حمە خورشید مصطفی
پێشکەش بێت

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 9 |
| بەشی یەکەم- زمـانی کوردی | 13 |
| بەشی دووەم - دیالێکتەکانی زمانی کوردی | 27 |
| بەشی سێهەم- نەخشەی دیالێکتە کوردی یەکان | 47 |
| بەشی چوارەم - جوگرافیاو مێژووی پەرەسەندنی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی | 71 |
| بەشی پێنجەم _ - ئەنجام و زمانی یەکگرتووی کوردی | 87 |
| سەرچاوەکان | 105 |

# پێشەکی

چەند کتێبێك لەمەڕ زمانی کوردی لە عێراق چاپکران و هەندێ وتاریش لە هەمان بابەتەوە لە گۆڤارەکانی عێراقدا بلاْوکرانەوە. هەروەها چەند گەڕۆك و خۆرهەلاْتناسیش، لە وولاْتانی جۆربەجۆر و لەم لاو ئەولاوە، هەریەکەی بە جۆرێك و، چۆنیان بۆهاتبێ، وەها لێ ی دواون . بەو جۆرە کۆمەلْە بیروباوەڕێکی وێکنەکەوتوو ناچونیەك مان لەبارەی ڕەسەنی زمانی کوردی و ژمارەی دیالێکتەکانییەوە کەوتۆتە بەردەست، کە بوونەتە مایەی شێواوی یەك لە بیرو لێکدانەوەی ئەو خوێندەوارەی کە شارەزاییەکی ئەو تۆی دەربارەی بنەچە و پەرەسەندنی مێژوویی ئەم زمانە نییە و نازانی دەچێتەوە سەرچی.

لە بەر ئەوە، ئەم کتێبە، کەمێك بە خەستی و، ڕاستەوخۆ دەربارەی زمانی کوردی ئەدوێ، کە ئایا ئەم زمانە دەچێتەوە سەرچی و دیالێکتە کانیشی چۆن چۆنی بەم جۆرەی کە هەیە دابەش بوون، هەروا لەبەر شەوقی ئەو ڕاستییانە ئامادەکراوە کە توانیمان لەو سەرچاوانەی کە لە بەردەست دا هەن خڕیان بکەینەوە، بێ لەوەش سوودمان لە هەندێ

شارەزایی خۆشمان وەرگرتــووە کــە بــە هــۆی گــەڕان و ســۆراخکردنەوە لــەم ڕووەوە لە هەندێ ناوچەدا وەدەستمان هێناوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەسەرخۆ، هەوڵی ئەوە دەدات، کە بەشێوازێکی بەرێو ەچێ، بەرپەرچی ئـەو هەلانـە بداتـەوە، کـە لـە هەنـدێ سەرچـاوەدا دەربارەی کەسایەتی و سەر چێتیی ئەم زمانە و بەشـەکانی دیالێکتـەکانی یەوە نووسراوە، هەروەها ئەو هۆکارانەشـی دەستنیـشان کـردووە کـە پـەلو پۆیـان بـەم دیالێکتانــە هاویـشتووە. پاشــان بەشــێوەیەکی جوغرافیــایی هاوچـــەرخ دابەشـــی کـــردوون و ناوچەکانیـــشیانی دەرخـــستووەو، بـــۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش نەخشەیەکی تێدا کێشراوە.

دانەری ئەم کتێبـە، بـە تـەمای ئەوەیـە، لەلایەکـەوە بیرێکـی ڕوون و ڕاست لەمەڕ زمانی کوردی یەوە بهێنێتەدی، کە ئایا بنەچەی ئەم زمانـە لە کوێوە ئاودەخواتەوە و، پەیوەندیی بە زمانە هندۆ- ئەوروپاییـە کانـەوە چی یە، لەلایەکی تریـشەوە بـەو ئاواتەوەیـە کـە چەندوچـۆنیی- دیالێکتـە کانی و دابەشبوونیشیان (بەپێی هەلومەرجی جوغرافیـایی، نـەك هـەر بـۆ خوێنـدەواری کـورد بگـرە بـۆ هـەموو عێراقییـەکی عـەرەب و کـورد و کەمەکی یەکانی) ڕوون بکاتەوە، بەتایبـەتیش بـۆ ئەوانـەیان کـە بەتـەنگ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەوە دێن و بایەخ بەم بابەتە دەدەن.

ئەم کتێبە لە ساڵی 1983 دا جارێك بە عەرەبی و جـارێکیش بـە ئینگلیزی لە بەغدا چاپ کـراوەو بڵاوکراوەتـەوە. ئینگلیـزی یەکەشـی لـە

سـالی 1985 دا، پـێش چـاپی یەکـەمی کـوردی یەکـەی کـە لەسالی1985 ی، لـە سـالی 1983 لـە بەغـدا چـاپ کرابـوو، چـاپە ئینگلیزیەکەش، بەڕێز فـەرهاد شـاکەلی لەسـالی 1984، بـە زمـانی سـویدی چـاپی کـردووە، لـە بەشـە کـوردی یەکـەی زانکـۆی ئۆپـسالادا، دەخوێنـدرێت، هـەروەها لـە سـالی 1986 بـەڕێز کـاك شـۆڕش عـەزیز سورمێ کردویە بەزمانی ئیتالی و لە ڤینسیا چـاپی کـردووەو، لـە سـالیّ 1337ی فارسیی دا مامۆستای بەڕێز (سید عبدالله صمدی) لـە شـاری مەهاباد کردویە بە فارسی وچاپی کردوە، بەلاّم وامـان بـەلاوە باشـبوو بـۆ سـوودی خوێنـدواری کـورد و، گرتنـی کـەلێنێکی تـریش لـە کتێبخانـەی کوردیدا، بە کوردیش دووبارە لەچاپی بدەین و بلاّوی بکەینەوە.

ئەم کتێبە لەلایەن برادەران حەمە کەریمی هەورامی چاپی یەکەمیو **عوثمان** علی قادر کراوە بەکوردی ، سوپاس بۆ هەردووکیان.

لەم چاپە نوێ یەدا، بێجگە لە بەشێکی نوێ، کە بەشـی چـوارەمە، گـەلێك ڕاسـتکردنەوەو سەرچـاوەو نەخـشەی نـوێ هەیـە، بۆئـەوەی تێگەیشتنێکی، تا بکرێت، تەواو، لەمەڕ ئەو بابەتانەوەی کـە تێیدایـەتی، بـۆ خوێنـدەواران ئاسـان بکـەن. ئومێدەواریـشم گـشت پـسپۆڕان و خوێندەواران، سەرنجی لێ بدەن و بایەخی خۆی بدەنێ و پێ ی قایل بن.

**پ.د . فوئاد حمه خورشید**

# بەشی یەکەم

## زمانی کوردی

ئەو کەسەی بیەوێت لە ڕەسەن و دیالێکتە کانی زمانی کوردی بکۆڵێتەوە، کە دەستدەکات بە خوێندنەوە و پشکنین، بیروڕای چەند گەڕۆك و ڕۆژهەلاتناسێکی، (وەنەبن کەمیش بن)، بەرچاو دەکەوێت، کە هەر لەخۆیانەوە، دەربارەی ڕەسەنی ئەم زمانە و گۆڕان و پەرەسەندنی مێژوویی و بەشەکانی دیالێکتەکانی و پەیوەندیی زمانەکە لەگەڵ زمانەکانی تری دراوسێیدا، بەبێ هیچ بناغە و بەڵگەیەکی زانیارانە، بیروڕایان دەربڕیوە ئەو کەسەی بیەوێت جەستەی سەربەخۆی هەر زمانێك دەستنیشان بکات و بیخاتە بەرچاو، دەبێ، پێش هەموو شتێك، بەهۆی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و بەراوردکردنێکی زۆر و وردکارەوە، لەگەڵ ئەو زمانەدا پشتاوپشت بگەڕێتەوە دواوە تا دەیگەیەنێتەوە ڕیشەیەکی لەو زمانەدا دێت، کە لەگەڵ چەند وشەیەکی زمانە هاوسێکەیدا وێکدەچن و، ئەوەی پێبەسبوو، کە زمانەکە بە دیالێکتێك یاخود بە لقێك لەو زمانە هاوسێیە لەقەڵەم بدات، ئەوا ئەو کارەی لە ڕاستی یەوە دوورە و، هەڵەشەیی یە و، هیچ بەڵگەیەکی زانیارانەی لەپاڵدا نییە.

خۆ زمانی کوردی شێوەیەکی بێ سەروبەر نییە کە لە زمانی فارسی یەوە چەوتابێتەوە، هیچ دیالێکتێکی ڕەشۆکی ی بێ ڕێزمان و بێ سەروبەری فارسیش نییە[1]، هەروەها زمانێکی سەر بەڕەسەنی زمانی هندیش نییە[2]، هەروەکو هەندێ گەڕۆك و نووسەر، کە خۆیان ئاگاداری زمانی کوردی نەبوون و شارەزایی تەواویان لێوەی نەبووە بڕوایان وابووە.

بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوە نوێیانەش کە لەم ڕووەوە بە دروستی ئەنجامدراون، هەموو ئەو بیروڕایانە پووچەڵن و بەتەواوی لە ڕاستی یەوە بە دوورن[3]. بەڵێ زمانی کوردی لەڕوودا لە زمانی پەهلەوی و فارسیی تازە دەچێت، ئەگەر لەو ڕووەوە بیگرین کە ئەمیش وەك ئەوان جیاوازیی لەگەڵ زمانی ئاوێستادا پەیداکردووەو، گۆڕاوەو، پەرەی سەندووە، بەلام زمانی کوردی، لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدا. زمانێکە جەستەیەکی جیاواز و سەربەخۆی خۆی هەیە[4].

بیروڕای چەوتی ئەو خۆرهەلاتناس و گەڕۆکە بیانییانە، کە لەمەڕ سەربەچی یەتی زمانی کوردی دەریانبڕیووەو باسی دروستی و ڕاستیی

---

[1] - Layard, Austen H: (Discoveries among the ruins of nineveh and Babyion, with travels in Armenia, kurdistan and Desert) New york, 1853, p. 374.

[2] - Greagh, James: (Armenians koords and Turks). London, 1880, p. 170.

[3] - Soane, E.B: (Notes on the phonology of southern kurdish). J,R.A.S. Part ll, 1922, p. 192.

[4] - Edmonds, C.J: (The place of the kurds in the middle Eastern scene). R.C.A.J.. Vol. Xiv. Part ll, 1958, p. 147.

زمانەكەیان كردووە لە دوو هۆكارەوە پەیدابووە، یەكەمیان ئەوەیە كە بەرهەمی نووسین و كەلەپووری نووسراوی وێژەی زمانی كوردی، كە گەلێك بۆ ئەو لێكۆڵینەوەو بەراووردكردنانە پێویستە، زۆر كەم بوون و بەدە گمەن دەست كەوتوون بە تایبەتیش لەو سەردەمەی دوادوای سەدەی نۆزدەهەم و بەرایی سەدەی بیستەدا، كە ئەو لێكۆڵینەوانەیان تێدا ئامادەكراوە. دووەمیشیان ئەوەیە كە زمانی كوردی دیالێكتی زۆرە. ئەو دوو هۆیەش، بێ گومان، لەبەردەمی بێگانەیەكدا كە بیەوێت بە تەواوی شارەزای پاكی ئەم زمانە ببێت دەبنە كۆسپێكی گەورە و تووشی كێشەیەكی زۆری دەكەن و[5]، بەجۆرێكی ئەوتۆ سەركوێری دەكەن كە نەتوانێ لەمەڕ ڕەچەڵەك و ناسنامەی (انتماء) ئەم زمانەوە شتێكی بەكار و ڕایەكی ووردكار تۆمار بكات.

زۆربەی زۆری ئەو خۆرهەلاتناسانە، لەو لێكۆڵینەوانەدا كە ئەنجامیانداوە، لەو بڕوایە دانین كە زمانی كوردی (دیالێكتێك بێ یان لقێك بێت) لە زمانی فارسی، لەو ڕووەوە هیچ پەیوەندییەكی بەزمانی فارسی یەوە نییە، نەك هەر ئەوە، بگرە زمانێكیشە تەواوێ تایبەتێتی و ناو ونیشانی سەربەخۆی خودی خۆی هەیە. ئەو خۆرِ هەلاتناسانەی ئەم

---

[5] - Noel, Edward: (The character of the kurds as illustrated by their proverbs and popular saying). B.S.O.S,Vol.l, part iv, 1920, p.79 .

ڕایەیان هەیە، دووانیان لێرەدا، بە شێوەی تایبەتی، دەخەینە پێش چاو[6] کە یەکێکیان جەستی (**Justi**) و[7] ئەویتریان سۆسینە(**socin** ) خۆرهەڵاتناسی یەکەمیان سوورە لەسەر ئەو باوەڕەی کە زمانی کوردی لقێك نییە لە زمانی فارسی، کە ئەمیان دەستی کاولکاریی تێ وەردراوەو بێ بایەخ بووە، بگرە، لەڕووی ڕژێمی دەنگ و ڕژێمی لێداتاشین و لێوەر گرتنیشەوە (اشتقاق) لە زمانی فارسی زۆر جیاوازە.

سۆسینیش، ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە زمانی کوردی دیالێکتێکی برا زمانی پەهلەوی و زمانی فارسیی تازە نییە و، بەڵکو پەیوەندیی نێوانیان مەسەلەیەکی دوور ترە. سەرباری ئەوە، ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە، کە زمانی کوردی لقێکی زمانی فارسیی کۆن نییە، تا لێی جیابوویێتەوە.

بەڵێ، ئەوە ڕاستە، زمانی کوردی، ئاشنایی و ناسیاویەکی کۆنی لەگەڵ زمانی فارسیدا بووە، چونکە هەردووکیان سەر بە کۆمەڵە زمانە هندۆ- ئەوروپاییەکانن (**Indoindo - European Languages Europeon Longuoges**) بەلاَم لە گەلێ ڕووەوە جیاوازن و لەیەك ناچن، چ لەڕووی وشە و ڕێزمان و فراوانکاری و جوانکاری و (صرف) چ لەڕووی دەنگی ئاخافتنەوە لەیەکتر

---

[6] Justi: ( kurdish Grammatic). SPB, 1880. –

[7] – Socin: (Die spacheder kueden), in grundis der lranischen philologie, 1-2, stassburg, 1898- 1901.

دوورن(8). هەروەهاش (سدنی سمیث) **sidney smith** سووره لەسەر ئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی تەواو سەربەخۆیە و، پەرەسەندنی ڕاستەقینەی مێژوویینی خۆی هەیە و(9)، زمانێکی ئاریایی نایاب و دێرینە، لە چیاکانی کوردستاندا لە زووەوە ژیاوەو تا ئەمڕۆش پەتی یەو بە پوخت و پاراوی ماوەتەوە(10).

جا بۆ ئەوەی، بە چاکی، بزانین کە مەبەست لە واتای زمانەوانیی کۆمەڵەی زمانە هندۆ- ئەوروپاییەکان چییە و شارەزای بین و، بشزانین پەیوەندیی زمانی کوردی بەو زمانانەوە چییە، دەبێ هەندێ ڕاستیی مێژوویی لەم ڕووەوە بخەینە پێش چاو ئەکیۆلۆجیەکان، شارستانێتی یەکی مرۆڤایەتیی هاوشێوەی دێرینیان بەرچاو کەوتووە، کە دوای تەواوبوونی چەرخی تازەی بەردین(11)، لەسەر ڕووبەرێکی زۆر فراوانی سەر زەمینەکانی جیهانی کۆندا، بەدرێژایی ڕۆمانیاو باشووری ڕوسیاو لە شوش و بلوجستان و هندستان و تورکستان و کوردستاندا باو و بلاوبووەتەوە. لەوەوە زانایان گەیشتنە ئەوەی کە بڵێن: هەبێ ونەبێ، ئەم شارستانێتی یە هاوشێوەو چونیەکە، دەستکردی یەك گەلە. لەبەر ئەوەش

---

[8] - Edmonds, C.J: (Kurds Turks and Arabs). London. 1957, p. 7.

[9] - محمد أمين زكي، (خلاصه تاريخ الكرد وكردستان)، گ2، بغداد، (جـ1)، 1961 ص56-305.

[10] - Soane, E.B: (Report on the sulaimani District of kurdistan), calcutta, 1918, p. 86.

[11] - ئەم چەرخە لە باشووری خۆر ئاوای ئاسیادا لە8000-6000 ساڵ پێش زایینی خایاندووە.

کە شـوێنەوار و پاشماوەکـانی ئـەو شارسـتانێتی یـە هـەر لـە هندسـتانەوە بیگرە تا ئەوروپای بەجارێ گرتووەتەوە، بۆیـە ئـەو گەلـەیان ناونـا هنـدۆ- ئەوروپایی[12].

ئەو گەلە لە گەلێ هۆز پێکهاتبوو، پێش ئەوەش ئەم هۆزانـە بکەونـە کـۆچ ورەوو بلاّوبنـەوە، لـە نیـشتمانە کۆنەکـەی خۆیانـدا، بـە درێـژایی دەشتەکانی خۆرهەلاّت و باکووری خۆرهەلاّتی دەریای قـەزوێن نیـشتەجێ بوون و ئارامیان تێداگرتبوو[13]. خرِی ئـەو هۆزانـەش کـە بەگشتی ئـەو گەلەیان لێ پێکهاتبوو، بە یەك زمان دەئاخافتن[14]، کە هێشتا یەك گەل بوون ، کە ناوی (زمانی هندۆ- ئەوروپایی) بەسـەردا بـرا، ئـەم زمانانـەش کە گەلانی ئاریایی ئەمرۆ پێی دەدوێن هەمووی لەو هاوبەشەی زوویانـەوە لقیان هاویشتووە و جیابوونەتەوە[15].

---

[12] - Charpentier, Jarl: (The original Home of indo- Europeans) B.S.O.S, Vol, lv, 1926-28, p. 149.

[13] - جیمس هنری براستد، ( تاریخ العصور القدیمە)، ترجمـە داود قربـان بـیروت، 1926، ص 135، هەروەهاش سەیری Charpentier, Jarl: op. Cit., P. 164. بکە.

[14] - **جیمس هنـری براسـتد: أنتـصار الحـچارە، ترجمـە د. أحمـد فخـری، مـکتبـە الانجلـو المـصریە، بـدون سـنە الگبع. ص238، 240.**

[15] - نـاوی ئـاری (ئاریـایی)، بـە هەڵـە بەسـەر پێـشینانی کۆمەڵـەی هنـدۆ- ئـەوروپایی دا سەپێنراوە، راستی یەکەشـی ئەوەیـە کـە ئـەم ووشـەیە یۆنـانی یـەو، یۆنـانی یـەکان بـەو بانـەی ئێرانیـان ووتـوە (ئاریانـا) کـە لـە رۆژئـاواوە هـەر لـە کێوەکـانی زاگرۆسـەوە دەیگرێتـەوە بـەرەو خۆرهەلاّت تا رووباری سەند، جا ووشـەی ئـاری لـەو ((ئاریانـا)) یۆنـانی یـەوە وەرگـیراوەو نـاوی

ئـەو زمانـە هنـدۆ- ئەوروپاییـە[16]، کـە زمـانی کـوردیش لقێکـە لـەو، ئەویش لە زمانێکی کۆنتری پێش مێـژووەوە پەیـدابووەو پـەرەی سـەندووە، کە بڕوا وایە لە هەزارەی پێنجەمی پێش زاییندا باوی بـووبێ و، پـسپۆڕان ناویـــان لـــێ نـــاوە زمـــانی بـــەرایی هنـــدۆ- ئـــەوروپایی[17]. Proto Indo- Europeon ، لە ئەنجامی لێك دوور کەوتنـەوەی دەسـتە و هۆزەکـانی هینـدۆ- ئـەوروپایی دا دەلاقـەی جیـاوازیی نێـوان زمـان و دیالێکتەکان زیـاتربوو، خـوو نەریتیـشیان گـۆڕرا تـا ئـەو ڕۆژە هـات کـە ڕۆڵەکانی ئەو خێڵ و هۆزە پەرشوبڵاوانە ئەگەر بەیەك بگەیـشتنایە نـەیان دەتوانی لـە قـسەی یـەکتری تێبگـەن. دوا ئـەنجامی ئەمـەش پەیـدابوونی زمانانی جۆربـەجۆری ئـەمڕۆی ئـەوروپا و زمانـانی هینـدۆ ئـەوروپایی لـە باشوور و باشوری ڕۆژاوای ئاسیادا بوو[18].

ئـەو زمانـەش لەگـەڵ کـۆچ و ڕەوی گـەلانی هنـدۆ- ئەوروپاییـدا تەشەنەی کردو بڵاوبووەوە، کە هەر لێشاوێك لـە لێـشاوەکانیان ڕوویکـردە

---

ئـەم ئێرانـەی ئێـستای لێ داتـا شـراوە. سـەیرێکی لاپـەڕە135ی سەرچـاوەکەی پێـشوو، هـەر براستد، جێمس هێنری، بکەرەوە.

[16] – وازانراوە کە زمان زانی ئەڵەمانی فرانز بـۆپ Franz Bop یەکـەم کـەس بووبێـت نیـشانە هاوبەشەکانی نێوان کۆمەڵە زمانە هندۆ– ئەوروپایی یەکانی دۆزیبێتەوە، سەیری Charpenter, jarl, op. Cit., P. 164.

[17] – Moris, Williams: (The Heritage illustrated dic- tionary of the English Language)m New York, 1973.

[18] – جیمس هنری براستد، (انتصار الحضارة)، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل240.

هــەرێمێك لــە هەرێمــەكانی جیهــانی دێــرین و، تایبــەتیش لــە ئاســیاو ئەورووپادا زیاتر تەشەنەی كرد. بەشێكیان بەرەو ڕۆژئاوا ڕێگـەیان گرتەبـەر و لـە ڕووبـاری دانـۆب پەڕینـەوەو گەیـشتنە نیمـچە دوور گـەی بـەلْقان و ڕۆژهـەلاْتی ئـەورووپا، ئەوانـە پێـشینان و بـاو وبـاپیرەی یۆنـانی یـەكان و ڕۆمانی یەكان و گەلەكانی تـری ئـەورووپان كـە بـە زمانـە هاوچـەرخەكانی ئەورووپا دەئاخەفن. بەشێكی تریان كە ڕوویـانكردە باشـووری خۆرهـەلاْت، گەیشتنە سنوورەكانی هندستان و لە هەرێمـەكانی سـەند و پەنجابـدا جـیّ ی خۆیان گرت، كە ئـاری یـەكانی باشـووری ئاسـیان و ئـەمڕۆ بـە زمانـە جۆربەجۆرەكانی هندی دەدوێن كە لە كۆمەڵە زمانەكانی هندۆ- ئێرانی ی باشووری ئاسیان.

بەلاْم بەشی سێهەمیان، ڕوویان كـردە ئاسـیای بـچووك و چـیاكانی زاگرۆس و لە ئێران و كوردسـتاندا تەشـەنەیان كـردو، پێـشەنگ و بـەرایی ئەوانەی گەیشتنە چیاكانی زاگرۆس (كەلانكەی گۆتیـەكان بـو)، (میـدی) یەكان بوون[19]. لەناو ئەو شاخانەدا میدی یەكان ئارامیان گرت، كە بیّ گومان ئەمانە پێشینانی گەلی كوردن[20]. هـەروەهاش (پـارتی یـەكان) بەرەو باكووری ئێران و فارسەكانیش بەرەوباشووری ئێران كۆچیانكرد، كە

---

[19] - لەمەڕ ڕەوكردنی میدی یەكانـەوە بـۆ نـاو كێوەكـانی زاگـرۆس سـەیری ئـەم سەرچـاوەیەی خوارەوە بكە:

Yong, T. Cyter; (The Iraniam Migration into zagros), IRAN, Vol. V. 1967, p. 12-17.

[20] - Edmonds, c.j., ( Kurds Turks and Arabs) op. Cit., P. 7.

ئەم بەشەی ئێران، هەتا ئێستاش بە هەرێمی فارس بەناوبانگە و هەر بەو ناوەوە ناودەبرێ. هەموو ئەوانەش بە چەند زمانێکی تایبەتیی خۆیان دەدوان کە لە هەندێ ڕووی زمانەوانی یەوە لێک دەچوون و، بە ناوی کۆمەڵەی زمانە ئێرانی یەکان کەوتنەزار و، ئەو ناوەیان( Iranian Languages) بەسەردا بڕا[21]، کە لقێکن لە زمانە هندۆ-ئێرانی یەکان، هەر وەکو لەوێنەی ژمارە (1) دا بە تەواوی ڕوونکراوەتەوە. کەواتە، زمانی هندۆ-ئەوروپایی، ئەمڕۆ، لە ئیشکایی(قارە) ئاسیاو ئەوروپادا ، کۆمەڵەیەکی زۆر زمانی سەرەکی و کۆمەڵە لقێك زمانی جۆر بە جۆری تێدا

هەیە، ئەمانەن:-

1-کۆمەڵەی هندۆ-ئێرانی

2-کۆمەڵەی ئەنەدۆڵی

3-کۆمەڵەی ئیتالیایی

---

[21] - مەبەست لە (زمانە ئێرانی یەکان) تەنیا ئەو زمانانە نی یە کە لە ناو چوارچێوەی کۆماری ئێرانی ئێستادا هەیە، چونکە زاراوەی (زمانە ئێرانی یەکان) کۆمەڵە زمانێکی زۆرە و گەلێك لەوە فراوانترە و. سنووری ئەوانەش پێی دەئاخەفن لەو سنوورە گەلێك دوورتریشی گرتووەتەوە. لەبەرئەوە ئەم زاراوەیە لە هەر پەڕەو دێڕێکی ئەم کتێبەدا بەرچاوبکەوێت مەبەست ئەو کۆمەڵە زمانانەیە و هیچ پەیوەندی یەکی بە دەوڵەتی ئێرانەوە نی یە. تەنیا ئەوەندە هەیە، ئەو زمانانەی ئێرانی ئێستاش بەشێکن لەو کۆمەڵە زمانە زۆرانە.

4- کۆمەڵەی جەرمانی

5-کۆمەڵەی کلتی

6-کۆمەڵەی بەڵتیك-سلاڤی و، هەندێ زمانی تریش کە لە وێنەی ژمارە(1)دا، بەوردی سەرنجی لێ بدە، ئاشکرایە.

ئنجا ئەم کۆمەڵە زمانانە ، خۆشیان ، دەبن بەچەند زمانێك ، یان بەچەند کۆمەڵە زمانێکی دووەمینەوە کە هەموو زمانە هاوچەرخە هندۆ- ئەوروپاییەکانیان تێدایە. ئەوەیە و، دەبینین کە، کۆمەڵە زمانی هندۆ-ئێرانی بووە بەچوار کۆمەڵە زمانی دووەمینەوە کە ئەمانەن:

1-داردی **Dardic**

2-هندی **Indic Indic**

3-قەزوینی **Caspian** (لەگوێرەی دەریای قەزوین ) **caspian**

4- ئێرانی **Iranian**

کۆمەڵە زمانە ئێرانی یەکانیش بریتی یە لە زمانێکی زۆری وەکو:

1- کوردی 2-بلوشی 3-سوغدی یانی 4-پشتو 5 -ئاوێستا 6- فارسیی کۆن، لێك نزیکییەکی ئاشکراش لە نێوان کۆمەڵە زمانە هندییەکان و کۆمەڵە زمانە ئێرانییە کاندا بەدی کراوە، ئەم لێك نزیکییەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو دوو کۆمەڵە زمانە، لەیەك شوێنەواری ڕەچەڵەکدا سەریان هەڵداوەو، ڕەسەنی یەکی هاوبەشیان بووە، کە ناوی (زمانی هندۆ- ئێران)ی لێ نراوە، بڕواش وایە، ئەو ڕەسەنە بێت کە ئەم

لقانەی ئێستای کۆمەڵە زمانە هندییەکان و کۆمەڵە زمانە ئێرانی یەکانی لیٚ جیابووبنەوە.

بەلاٚم کۆمەڵەی زمانە ئێرانی یەکان، کە زمانی کوردی و فارسی و، ئەو زمانانەی تری کە لەوەپێش باسکران -و، هەموویان هەر دەچنەوە سەر ئەو- دەکرێت بە سیٚ بنجەوە:-

1- زمانە ئێرانی یەکانی باکووری.

2- زمانە ئێرانی یەکانی باشووری.

3- زمانە ئێرانی یەکانی خۆرهەلاٚت.


جا، زمانی کوردی سەر بەو بنجەی یەکەمیانە، بەلاٚم زمانی فارسی دەچێتەوە سەر بنجی دووەمیان[22]. ئەمەش بەڵگەیەکە، کە ئەو دوو زمانە هەریەکەیان بۆ خۆی سەربەخۆیە و، لەیەك جیاوازن. لە وێنەی ژمارە(1) یشەوە، زمانی کوردی خۆی بە ئاشکرا دەنوێنیٚ و، دەبینریٚ، کە، نە لقێکە لە زمانی فارسی و، نە دیالێکتێکی ناوچەیەکیشە لە زمانی فارسی یەوە وەرگیرابێت. هەروەها ئەو وێنەیە پەیوەندیی ڕاستەقینەی نێوان ئەم دوو زمانەی ڕوونکردووەتەوە، کە تەنیا ئەوەندەیە، لە بناغەوە، هەردووکیان سەر بە کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکانن و هیچی تر.

22 - Edmonds, C.j. (The place...) Op. Cit., P. 147.

بەو جۆرە، لەو لێکۆڵینەوانەی پێشەوە، دەرکەوت، کەزمانی کوردی، زمانێکە، سەربەخۆو، پێگەیشتن و پەرەسەندنی مێژوویینی سەربەخۆی خۆی ڕوونە و گومانی تێدانییە و، ئەم سەربە خۆیی یەشی، جەستەیەکی زمانەوانیی پەتی و بالاٚتری لە ڕیزی زمانەکانیتری ئێرانیدا بێ بەخشیوە، چونکە زمانێکە تابلێ ی ڕەگداکوتاوەو، دێرینە و، بە ناو چەرخە جۆربە جۆرەکانی ڕۆژگاردا، ڕێگای پەرەسەندنی زمانەوانیی خۆی، بە شێوەیەکی تەواو سەربە خۆ و، جیا، لە زمانی فارسی یەوە، بڕیوە[23].

---

[23] - Soans, E.B. (Grammar of the Kurdish Language), London, 1913, p. III.




وێنەی ژمارە (1)

## بەشی دووەم

## دیالێکتەکانی زمانی کوردی

هەر وەکو چۆن هەندێ گەڕۆك و خۆرهەلأتناس لەمەڕ دۆزینەوەی ڕاستی ڕەسەنی زمانی کوردی و پەیوەندیی ئەم زمانە بە زمانی فارسی یەوە، تووشی هەڵەبوون و سەریان لێ شێواوە، هەر بەو جۆرەش هەندێکی تریان، لە دۆزینەوەی ناو ونیشان و ژمارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا ڕێیان بزر کردووە، نەشیانتوانیوە بە دروستی بزانن کە پەیوەندیی ئەم دیالێکتانە بە یەکتری یەوە چەندە و چۆنە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕای یەکێکیان، لەمەڕ د ابەشبوون و دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی دیالێکتی کانی زمانی کوردی یەوە، لەڕای ئەویتر نەچێت، بەو جۆرە چەند ڕایەکی وێکنەچوو جیاواز لەم ڕووەشەوە هاتۆتە تۆمارکردن[24].

---

[24] - لێرەدا، بە نموونە، ڕای باسیل نیکیتین نیشاندەدەین، بڕوانە نیکیتین دیالێکتە کوردی یەکان و دابەشبوونی جوگرافیایی ئەم دیالێکتانەی چۆن چۆنی بە هەڵە داناوە: دەڵێ: زمانی کوردی بریتی یە لەم کۆمەلأنە: -لوڕ 2- کەڵهور (لە بەشی کرماشان و هەورامان) دا، 3- سۆرانی ( سلێمانی و ڕەواندزو، شنۆ، سابلأغ)ی گرتووەتەوە) 4- گۆران (ئاکرێ و ئامێدی و دیار بە کرو بتلیس و بایەزید) ی گرتووەتەوە. بڕوانە:-

ناکۆکی ی بیروباوەڕی خۆرھەلاّتناسان پەیوەندی بە دوو دیالێکتی تان و پۆ ڕەسەنی زمانی کوردی یەوە ھەیە کە ئەم دووەن:-

أ- دیالێکتی کرمانجیی باشوور (کە لە دابەشکردنەکانی ڕابوردوودا بە دیالێکتی لوڕ ناوبراوە)[25].

---

Nikitine, Basile: ( kurdish Stories From My collection), B. S.O.S., Vol. Iv, 1926- 28, p. 121.

(مارتن فان برۆنسن) یش، لە لێکۆلّینەوەیەکی بەنرخی نویّ دا، کە بۆ وەرگرتنی پلەی دکتۆرا ئامادەی کردووە، دووبارە ئەو شوێن پێیە ھەلّەیەی ھەلّگرتوەو، ڕێشی لیّ بزربووە کە ئەمیش باسی دیالێکتە کوردی یەکان دەکات، دەلّێت:- سیّ دیالێکتی گەورەن و، دیالێکتی گۆرانیش: یەکەمیان: دیالێکتەکانی باکوور و با کووری خۆراوا (کرمانجی) یە. دووەمیان: دیالێکتەکانی باشوور (سۆرانی) یەو سێھەمیان: دیالێکتەکانی باشووری خۆرھەلاّتە (واتا سنەیی، کرماشانی و لەك)ە...بڕوانە:

Van Bruinessen, M.M., ( Agha shaikh and state). 1968, p. 29- 31.

بەلاّم (خوا لێی خۆش بیّ)، تۆفیق وەھبی بەم شێوەیەی خوارەوەی دابەشکردووە: 1- کرمانجی ژوورو 2- کرمانجی خواروو 3- کرماشانی- بڕوانە:

Wahby Taufiq,: (The origins of The kurds and Their Languge, Sweden, 1982, p.6.

سۆنیش، ھەر ئەم ڕایەی دەربڕیوە، بەتایبەتیش لەمەڕ بەکارھێنانی زاراوەی ((دیالێکتی کرماشانی)) یەوە بڕوانە:

Soane, E.B, (Asouthern kurdish Folksongs in kermanshahi Dialect). J.R.A.S, 1909, January, p. 35- 6.

25 – کە نووسەران و خۆرھەلاّتناسان باسی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی دەکەن ھەر بەو جۆرە کلاسیکی یەی پێی ڕاھاتوون، دابەشیان دەکەن بە:

ب- دیالێکتی گۆران.

هەندێکیان ئەم دوو دیالێکتەیان لە دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی وەدەرناوەو، بەکوردییان دانانێن، نەك هەر ئەوەندە، بگرە لەو بڕوایەشدان کە هەر دوو دیالێکتی زمانی فارسین [26]، ئێمە پێویستە بە توندی بەرپەچی ئەم هەڵەیانە بدەینەوە، چونکە ئەمانەی ئەم بڕوایەیان دەربڕیوە، هەر بەو چاوە سەیری ئەم دوو دیالێکتە دەکەن کە کاربەدەستانی ئێران، لەڕێی ئامانجێکی سیاسیی ئاشکرادا هەڵیان بەستووە، بەتایبەتیش لەمەڕ سەرچێتیی دیالێکتی کرمانجی باشوور (لوڕ) و ئەو کوردانەی کە پێی دەئاخەفن، سەیریش ئەوەیە هەندێ نووسەری کوردیش هەر ملیان ناوە بەو ڕێگا هەڵەیەوەو، بەجۆرێك

---

1- کرمانجی باکوور 2- کرمانجی باشوور 3- لوڕ 4- گۆران. بەلاّم بەگوێرەی ڕاستی یە جوگرافیایی و زمانکردەکان، ئەم دابەشکردنە هاوچەر خەی خوارەوەمان بە تەواوتر زانیوە:
أ- کرمانجی باکوور:- ئەو دیالێکتەیە کە هەموو بەشەکانی باکوورو باکووری خۆراوای کوردستانی داپۆشیوە. ب- کرمانجیی ناوەڕاست: ئەو دیالێکتەی ناوەڕاست و ناوجەر گەکانی کوردستانە جـ - کرمانجی باشوور: بریتی یە لەو دیالێکتەی هەموو بەشەکانی باشوورو باشووری خۆرهەلاّتی کوردستانی گرتووەتەوەو (لوڕستانە). د- دیالێکتی گۆران.

[26] - بەنموونە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

Minorsky, V., (The Guran). B.S.O.A.S., 1943, vol. XI. Part l, p. 75. Edmonds, C.J., (Luristan), G.J., VOL. Lix, number 5, 1922, p. 340.
Soane, E.B., (Short anthology of Guran poetry). J.R.A.S., Part l, 1921, p. 5.

گومڕاهبـوون کـە ئـاواتی سیاسـەتە ڕەگەزپـەر سـتانەکەی کاربەدەسـتانی ئێران زیاتر نزیك دەخەنەوە(27).

کاربەدەستانی ئێران، بۆیە بەو چاوە سەیری ئەم دیالێکتـە کـوردی یە دەکەن و ، ئەو کوردانەش کە پێی دەدوێن بە فارس لەقە لـەم دەدەن، چـونکە قێنێکـی ڕەگەزپەرسـتانەی ئـەو تۆیـان لـە میللـەتی کـورد خستووەتەکار، کە جەستە و نیـشانەکانی شارسـتانێتیی ڕوون و ئاشـکرای ئەم میللەتە بشێوێنن و بیتوێننەوەو بە زۆر بیکەن بە فارس. جـا لـە ڕێـی وەدیهێنـانی ئـەو ئامانجـە ناپاکەیانـداو بـۆ بـەر کارخستنی ئـەو پیلانـە ستراتیژییە ناهەموارەیان، هاتوون لەو کوردانـەوە دەسـتیان پێکـردوە کـە بەو دیالێکتە کرمانجییەی باشوورە (لوڕ) دەئاخەفن.

بەشێوەیەکی توندو تیژتر بە یەخەی ئەمانەوە نووسـان تاکوردەکـانی تری ئێرانیشی پێوە بمالن، چونکە لەم ناوچەپەدا هەنـدێ ناهـەمواری ڕووی داوە، کار بەدەستانی ئێران هۆی بیانویان بۆ ڕەخساوەو بە هـەلیان زانیـوە کە بۆ ئەم مەبەستە گلاۆەیان سودی لی وەرگرن، هۆیەکانیش ئەمانەن:-

---

[27] - سەیرێکی ئەم سەرچاوانە بکە:

کمـال فـؤاد (زاراوەکـانی زمـانی کـوردی و زمـانی ئـەدەبی و نووسـینیان): گۆڤـاری زانیـاری، ژمـارە(4)، سـالی1971 لاپـەڕە (16 - 24). لاموایـە ئـەو وتـارە کـەمو کـووڕی ی زۆرە.

هەروەهاش بڕوانە:-

Wahby, Taufiq and C.J. Edmonds., (A kurdish English Dictionary). Oxford, 1966, p.V.

1 -بەشی باشووری کوردستانی ئێران (واتا هەرێمی لوڕستان)[28] بە ئەنقەست لەهەموو ڕوویەکەوە پشتگوێ خراوە، بە تایبەتیش لەڕووی ڕۆشنبیری و خوێندن و ئابووریەوە.

2 -سەرپەڕی یەکی جوغرافیایی یەو، لە تین و تیشکی ڕۆشنبیری و سیاسیی ناوجەر گەی بەشەکانیتری کوردستانەوە دوورە و تا ساڵی (1930) یش ڕێگاوبانی تازەی هاتوچۆو گواستنەوەی تێدانەبووە[29].

---

[28] - لەم کتێبەدا کە دەڵێین ((هەرێمی لوڕستان)) مەبەستمان بەشەکەی باشووری کوردستانی ئێرانە، کە ناوچەکانی: پێش کۆەو پشت کۆەو بالاگرێوەو بەختیاری و کۆهگێلۆو مامەسەنیی تێدایەو، لە باکوورەوە، هەر لە ڕێگای گشتی ی نێوان قەسری شیرین- کرمانشاوە، بەرەو باشوور کشاوە تا بەندەر دەیلەم و حەسار.

[29] - حکومەتی ئێران لە ساڵی 1936 دا بڕیاری دا، کە یەکەم ڕێگەی قیرتاو بەناو لوڕستاندا بکاتەوە، تا مەرامی سەربازیی خۆی لە دژی کوردەکان جێ بەجێ بکات، ئەوەبوو کوردەکان پێیان ناخۆش بوو، بەرەنگاری بوونەوەو ئاشووبەیان هەڵگیرساندو ئاژاوەش هەموو شارەکانی لوڕستانی گرتەوەو شۆڕشەکەی شاری خوڕڕەم ئاباد و دەوروبەری ئەم شارە لە هەموو لایەکی تری زیاتر گڵپەی سەند. دۆگلاس یەکێك لەو کۆمەڵکوژی و ڕەشەکوژی یە ترسناکانە دەگێڕێتەوە کە ڕەزای پەهلەوی، لەو ساڵەدا خستیە ناو دانیشتوانی ئەو هەرێمەوە مەگەر هەر خۆی بیگێڕێتەوە، فەرموو بڕوانە:

Douglas, William o., (Strange Land and friendly people). London, 1952,Ch. 12, pp. 104- 109.

دانەری ئەم کتێبە ئەو بەشەشی کردووە بە عەرەبی و ڕۆژنامەی ژمارە(1474)ی عێراقیش، لە ڕۆژی16 -12 -1980 دا بلاوی کردووەتەوە، جگە لەوەش ژمارە(40) دووەم- کانونی یەکەم) بە کوردی بۆی بلاو کردووەتەوە.

3-کوردی ناوچەکە، خۆیان، ئەوەنـدە بەتەنگـەوە نـەبوون بـەو دیالێکتـەی خۆیان فێری خوێندن بن، میللـەتی کـوردیش بـە گـشتی کەمتەرخـەمیی تێـداکردووەو، خوێنـدنی تێـدا تـەنیا بـە فارسـی ماوەتـەوە و، نووسـین و بلاّوکردنەوەش بەو دیالێکتە لەناوچووە. ئەمەش بووەتە هـۆی ئـەوەی کـە ڕۆشـنبیریی فارسـی بیگـانێ و کـاری زمانـەوانیی خـۆی تێـدابکات و ڕۆشنبیریی کوردیی تێدا بدا لە کزی ولێی بکشێتەوەو، دیالێکتی لـوڕیش بدا لەدوو.

4-ناوچـەکە بـە گـشتی شـیعەن، کاربەدەسـتانی ئێـرانیش، بـۆ مەبەسـتی سیاسـی و ئـاییـنیی خۆیـان و بـزر کردنـی کەسـایەتی نەتـەوەیی ئـەوان و، لەناوبردنی هەسـتی کوردایـەتییان بەسـەر ئـەم هەلـەوە نەچـوون و، شـیعە گەرییان بەکارهێناوەو بۆ خەڵەتاندن و ڕاکێـشانیان بـۆ لای فارسـی یـەتی خستوویانەتەکار.

5-بزووتنەوەکانی نەتـەوەی کـورد کەمتـەر خـەمی کـردووە، نـەیانکردووە تینی خۆیان بەو بەشەی کوردستانە بگەیەنن، ئەمەش بە زۆری ڕێگای بـۆ ئـەوە خـۆش کـردوە کـە لـە نێـوان هەسـتی نەتەوایـەتیی ڕاسـتەقینەی دانیشتوانی ئەم بەشەی کوردسـتان و، لـە نێـوان ئـەو پابەنـدی یـەیان کـە کاربەدەستانی ئێران بەهۆی شیعە گەریی بەندی چوارەمەوە، کە باس کرا، سازیان دابوو، هەڵدێرێکی هەزار بە هەزار پەیدا ببێت.

6-سەرباری ئەوانەش، لەهەر کاتێکدا، کوردی ئەو ناوە کە دەرفەتێکیان بووبێ- هەرچەندە ئەو جۆرە دەرفەتەش ئەوەندە نەبووە- هەستی نەتەوایەتیی کوردیی خۆیان دەربڕیبێ، یان بۆ ئەو مەبەستە هەلێکی کەمیان بۆ ڕەخسابێ، حوکمڕانانی ئێرانیش بەسەریەوە نەچوون و کردوویانە بە بیانووی ڕەفتاری دلڕەقی و دڕندەیی و خوێنڕشتن و بە کۆمەڵ کوشتن و دەربەدەرکردن و ڕەشەکوژیی دانیشتوان و بەستنی ڕێگای ئازووقە و قەدەغەکردنی هاموشۆی ئابووری و هەڵکەندن و دەرکردنی خێڵەکان لە زەوی وزاری باو وباپیری خۆیان و، ئەم کردارە ناهەموارەیان لە هەموو سەردەمێکدا بۆیە کردووە، تا میللەتی کورد بنەبڕ بکەن و گەر ئەوەشیان بۆنەکرا، بیتاوێننەوە و باس و خواسی لەناوببەن[30].

ئەو هۆیانەی لەو خاڵانەدا ڕوونمانکردنەوە، لەگەڵ چەند هۆیەکی تریش کە هەن و شارەزایان باشیان دەزانن، بەگشتی، وای بردۆتە بیروباوەڕی کاربەدەستانی ئێرانەوە کە بە ئاسانی دەتوانن ئەم بەشە

---

[30] – مێژووی حوکمڕانی ئێران سەراپای ڕەگەزپەرستی یەکی دژ بە کورد بووە، ئەوەبوو شاعەباس (1571 - 1629ز) لەگەڵ کوردەکاندا ڕێگای لەجێ هەڵکەندن و ڕەوپێکردن و دەربەدەر کردنی تیرەکانیانی گرتەبەر، هەروەها نادر شا (1688 - 1747ز) خۆ ڕەزا پەهلەوی و حەمەی کوڕی ئەوە هەر مەپرسە، چونکە ئەمان هەر بە کوشتن و بڕینی کوردەوە خەریك بوون. لەمەڕ کۆچ پێکردن و گواستنەوەی کوردەکانەوە لە زەوی وزارو نشینەی باو وباپیرانی خۆیانەوە بۆ جێگای دوور وڵات، کە شاعەباس و نادر شا کردیان بگەڕێرەو سەر:-
Van Bruinessen., Op. Cit., P. 215- 220.

گەورەیــەی میللــەتی کــوردە، بــەر لــە گــەل و نەتــەوەکانی تــری ئێــران، بتاوێننەوە. بۆ ئەم مەبەستە تاوانکارانەیە، قەڵەمبەدەستانی بەکرێ گیراو و ئەڵقەلــە گــوێی خۆیـان بەردایــە گیــانی هــەموو ڕاسـتی یــەکی مێــژوو، دەســتیانکرد بــە شــێواندنی. بــەلاّم ئــەوەیان لەبیرچــووە، کــە پیلانــی تاواندنــەوەی نەتــەوەیی و، نەخشەکێشانی دزینــی ڕوالــەتی شارســتانێتیی نەتەوەیی و دەست تێوەردان و شێواندنی زمانەکـەیان هـیچ سـوودێکی بـۆ ڕەگەزپەرستان نییــە و بەرامبــەر بــەو ڕاسـتییانەی کـە جێگـرن و ڕەگیـان داکوتاوە خۆیان ڕاناگرن[31].

ئەوەتە، شەرەفنامە کە لە سالّی (1596) دا[32]، دانـراوە، واتـا پــێش ئــەوەی هەســتی کوردایــەتی بکەوێتــە ســەرپێ و بیروبــاوەڕی نەتەوایــەتیی کــوردان بێتــەزمان، پــێش هــەموو شــتێك، ئــەم دیالێکتــە کرمانجیيەی باشووری (واتا دیالێکتی لوڕ)ی بە کوردی ناوبردووەو سـوورە

---

[31] -بـۆ زانینـی چـمکێك لـە جوگرافیـای لوڕستان و بنەچـەکی لـوڕ و پەیوەسـتییان بـە گـەلی کوردەوە بڕوانە وتـارێکی ئێمـە بـەناوی: (لرستان الاقلـيم الجنـوبي مـن كردسـتان (أيـران) لـە گۆڤاری ((ڕۆژی کوردستان)) ژمارە (66)، سالّی (1984) لاپەڕە (9- 14).

[32] - شـەرفخانی بدلیـسی (شـەرەفنامە)، وەرگێڕانـی، هـەژار موکریـانی، چاپخانەی نعمـان، بەغدا، 1972 ل29. شەرەفنامەکەی، شەرەفخانی بدلیسی بەرگی یەکەمی چاپی قـاهیرە، 1958 کـە محمـد علـی عـونی کردوویـەتی بـە عـەرەبی، سـەیری لاپـەڕەی (12) ی بکـە. هـەروەها سـەیری لاپـەڕە (20)ی تەرجەمەکـەی مـەلا جمیـل بنـدی ڕۆژبـەیانیش بکـە، کـە لـە بەغداد - چاپخانەی نەجاح - لە سالّی 1953 دا چاپکراوە.

لەسەری. واتا شەرەف خانی بدلیسی بەبێ هیچ بیر و مەبەستێکی سیاسی و، دوور لە هەموو دەروونگەرمی یەکی نەتەوەیی، دیالێکتە کوردی یەکانی بە وردی و ژیرانە دەستنیشانکردووەو سنوورەکانی خستووەتە بەرچاو، بێ لەو (باسیل نیکیتین) یش ئەم دیالێکتە هەر دەباتەوە سەر کوردی[33].

شەرەفنامە هیچ گومانێکیشی لە دیالێکتی گۆرانیشدا نەهێشتووەتەوە کە کوردی یە و، ئەدمونز و تۆفیق وەهبیش هەر وایان وتووە و بە کوردیی دادەنێن[34]، ئەوەش نەبێ، ئەوانەی بەم دیالێکتە دەدوێن، دیسان، بە ئاشکرا دەزانن کە کوردن و دان بە کوردێنیی خۆیاندا دەنێن.

جۆراوجۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کە زمانەکەشی زیاتر پڕپێت و بەپێزکردووە، نابێت بە هیچ کلۆجێك بکرێتە بیانوی گومانکاری لە ڕەسەنایەتیی ئەم زمانە و، ناشتوانێ کەمێك لە سەربەخۆیی ئەم زمانە کەم بکاتەوە، کە زمانێکە بۆ خۆی و، لە زمانەکانی هاوسێی، سەرتاپا جیاوازە.

زمانەوان و نووسەرانیش، هەر کاتێ، لەمەڕ زمانی کوردییەوە ئاخافتبن، بەگوێرەی دیالێکتەکانی بەشبەشیان کردووە و کردوویانە بە

---

[33] - Nikitine, Basile., (Kurdish stories from my collection), B.S.O.S., Vol. Lv, 1926-1928, p.121.

[34] - Wahby, Taufiq and C.J. Edmonds., Op cit., P..v.

چەند دیالێکێکەوە، بەلاّم زۆربەی زۆریان، لە ناو خۆیاندا، بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لەسەر ژمارەی دیالێکتەکانی ڕێك نەکەوتوون[35].
ئەوەبوو هەندێ هۆی ئەو ڕێکنەکەوتنەیانمان لەمەڕ دیالێکتە کرمانجییەکەی باشوور و دیالێکتی گۆرانەوە دەستنیشانکرد.

ئیتر، لەبەرئەوەی زمانە کوردی یەکە دیالێکتی زۆرە، هەندێکان هاتوونەتە سەر ئەو گومانە کە زمانەکە خۆی بریتی بێت لە دیالێکتی هەرێمەکە و، لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی تر جیاوازی پێوە دیاربێت. بەلاّم مێجەر نۆئێل ئەوەتە بەدرۆی خستوونەتەوە و ئەمەی خوارەوەی تۆمار کردووە:

---

[35] - جگە لەو سەرچاوانەی باسکران، هەر بە نموونە سەیری ئەم سەرچاوانەی خوارەوەش بکە:-

1- محمد أمين زەكی، هەمان سەرچاوەی ڕابورد لاپەڕەی 297- 327.

2- فؤاد كمال، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (24).

3- أنور المائی (الاكراد في بهدينان) الموصل 1960، ل60.

4- محمدی خاڵ (فەرهەنگی خاڵ) السليمانيه 1960 ل22.

5- عز الدين مصطفى رسول (زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی) بەغداد، 1971، ل (19 - 25).

6- کریم زەند (زمانی کوردی و هونەری وەرگێران)، سلێمانی، چاپخانەی کامەرانی، 1977، ل14

7-wahby,Taufiq.,(The origins of The kurds and their

(گەلێ جار، ئەوە وتراوە کە زمانی کوردی، تەنیا دیالێکتێکە و دۆلاّودۆلّ جیاوازە. ڕاستە لە باشووری خۆرهەلاّتی کوردستانەوە (بابانی)، ئەم زمانە، تا دیالێکتی کرمانجی کەمێك جیاوازیی هەیە، وەلێ ئەوە ڕاست نییە کە ئەو جیاوازییە کەمە بە جیاوازی یەکی تانوپۆ دابنرێت و بە جیاوازی یەکی گیانی لەقەلّەم بدرێت. من چەند زەلامێکی بۆتانی و دیاربە کری و هەکاریم لە گەلّدابوون، گشتیان بە ئاسانی لەیەکتری دە گەیشتن و لە دیالێکتەکەی ئەوپەڕی خۆرئاوای کوردستانیش بە جوانی تێدە گەیشتن، تەنیا ئەوەندە هەیە، دەبوو چەند هەفتەیەکی کەم لەوێ بمانایەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بە ڕەوانی هەروەکو زمانی دایکی خۆیان پێی بئاخەفن. ئەو جیاوازی یەش کە هەیە لە گۆڕینی دەنگی پیتە نەرمەکانەوە پەیدابووە، ئەمە لە زمانی تریشدا هەیە. لە وتووێژی ناو خۆیانەوە، بە نموونە، گوێم لێ بوو وشەی (دایك) یان بەم شێوانەش: دای، دا، دی، (Dyk Dy, Da, Di) دەووت. ئەم- جۆراوجۆرەش، بێ گومان، بۆ کەسێکی بێگانەی زمانەکە، کە گوێی بەم دەنگانە ڕا نەهاتبێت، دەبێتە مایەی دوودلّی و، کە بشگاتە کار و فرمانی وشە گۆڕراوەکان و هەندێ ئامرازی پریپۆزیشن و ئاوەلّ فرمان و ئەو وشانەی کە زۆر بەکاردەبرێن، ئەو کاتە زیاتر دەکەر یتەسەر ئەو باوەڕەی کە ئەم دیالێکتانە جیاوازن، هەر بۆنموونە: وشەی (ئێستا)، لە سلێمانی- ئێستا **Aista** - یە، لە هەکاری- نها **Nha**- یە، لە خۆرئاوای کوردستان- ئەنگۆە **Angoh** - یەو

بە چەند جۆرێکی تریش دەدرکێت وەکو:- ئەنیکە **Aneka**-، - نیکە **Nika**، - هەنوسکە **Henuska** - بۆیە، هەرکەسێك دیالێکتێك لە دیالێکتەکانی ناوچەیەکی کوردستان بە چاکی فێر بێت، دەتوانێت زووبەزوو بە ئاسانی لە دیالێکتەکانی تری بگات، ئەوەندە هەیە، دەبێ لیستەیەك بگرێت، چەند وشەیەکی جیاوازی تێدا بنووسێتەوە)[36].

هەرچەندە کەمێ جیاوازی لە نێوان دیالێکتەکانی ناوچەکانی کوردستاندا هەیە، بەلاّم نیشانە و تانوپۆی ڕەسەنی یەك زمانی کوردی بە هەموویانەوە دیارە و گشتیانی بە ئاشکرا گرتووەتەوە[37].

لەمەڕ ژمارەی دیالێکتە سەرەکی یەکانی زمانی کوردی یەوە، ئەم دابەشکردنەی وا لە خوارەوە، خراوەتە بەرچاو، لە هەموو جۆرە دابەشکردنێکی تر بەجێترە و لەگەڵ هەموو ڕاستییەکی زمانەوانی دا ڕێك

[36] - Noel, E.M., (Diary of major E.m. Noel on special duty in kurdistan from June, 14th to september 12st 1919). Basrah, 1919, p.9.

ئەم کتێبە بریتی یە لە ((یادنامە و نووسینی ڕۆژبەڕۆژی)) مێجەر نۆئێل کە لە ساڵی 1919 دا لە خۆرئاوای کوردستاندا بە تەواوی گەڕاوەو نووسیونی لەبەر ئەوەش کە بەنرخە، دانەری ئەم کتێبە لە ژمارە (387)ی ڕۆژنامەی عێراقدا، لە 2-6-1977 دا بلاّوی کردووەتەوە. کاك حسێن ئەحمەد جاف و کاك حسێن نێر گسەجاڕی ئەم کتێبەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بڕوانە: (( یاداشتەکانی مێجەڕ نۆئێل لە کوردستان)) بغداد، مطبعة اوفسیت حسام، 1984

[37] - Edmonds C.J., (Kurds Turks..) Op. Cit., P. 7.

دەکەوێو، لەڕووی هەلومەرجی جو گرافیاییشەوە تەواوێ گونجاوە، کە ئەمانەیە: (تەماشای نەخشەی (1) بکە)


1- دیالێکتی کرمانجی باکوور.

2- دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست.

3- دیالێکتی کرمانجی باشوور.

4- دیالێکتی گۆران.

هەریەکەش لەم دیالێکتە گەورانە چەند لقە دیالێکتێکی ناوچەیی بە گشتی وێك چوویان هەیە، کە تەنیا لە جیاوازی یەکی هەندێ وشە و ناو و پیت و کە مە کارتێکردنێکی هەندێ وشەی دیالێکتەکەی هاوسێی بەولاوە، هیچ جیاوازی یەکیان لە نێواندا نییە و، هەموو هەلومەرجێکی هاوزمانی و یەك دەنگی یان ، هەر بە سروشت، بۆ ڕەخساوەو، ئاشکرا دیارە. لەم خشتەیەی خوارەوەشدا: لقە دیالێکتە ناوچە کردەکانی هەر دیالێکتێك لە چوار دیالێکتە سەرەکی یەکە، دەبینرێن:




نەخشەی (1)

دیالێکتە سەرەکییە کانی زمانی کوردی

| - زمانی کوردی و دیالێکتەکانی - | |
|---|---|
| **دیالێکتی سەرەکی** | **دیالێکتە ناوچەکردەکانی** |
| - کرمانجیی با کوور | بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی رۆژئاوا. |
| - کرمانجیی ناوەڕاست | موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی |
| - کرمانجیی باشوور | لوڕی رەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ |
| - گــۆران | گۆرانی رەسەن، هەورامانی باجەڵانی، زارا |

وێنەی ژمارە (2)

## هۆی زۆریی دیالێکتی زمانی کوردی:

هۆی زۆریی دیالێکتی زمانی کوردی، گەلێکە، بەلاّم هـۆی گـەورە کە دیالێکتەکانی ئەم زمانـەی، هـەر لـە پەیدابوونیانـەوە وا جـۆراو جـۆر خستووە، دوانن و ئەمانەن:-

## 1- هۆی جوگرافی:-

هەلومەرجی خۆرسکی جێگای کوردستان و باری خوادەی چـیای سـەخت و پـێچ و پـەنای گرانـبڕو شـاخ و دۆڵـی هـەزار بەهـەزار و بـێ ڕێگاوبـانی و، هـەوراز و لێـژیی بـێ شـومار و، ڕووبـاری خـوڕ و سـەرماو سـۆڵەی زستانیـشی، بـە زۆری خێڵـەکانی لێکـدا بڕیـوە و، تێکـەڵیی هۆزەکـانی کەمکردووەتـەوە، خـۆ لـە چـەرخە کۆنـەکان و چـەرخەکانی ناوەڕاسـتدا، ئـەوە هـەر مەپرسـە، چـونکە ئـەو سـەردەمانە دانیـشتوانی کوردستان تێکەڵی و هاودەنگی یان نەبووە، چ جایێ لێك فێربوونی بـیروڕا و ڕۆشنبیری. جا ئەو لێکدابڕاوی و تـەریکی و تێکـەڵ نەبوونـە، بەرەبـەرە بوونە هۆی ڕەگداکوتانی ئەو جیاوازی یە کە لە نێـوان شـێوەی ئاخـافتنی ناوچەکاندا هەیە. بە وتنێکـی ڕوونـتر، بـە کـوردی، ئەوەیـە کـە ئـەو دابـڕ کارییە جوگرافی کردە، لە زۆرکردن و جۆراوجۆرکردنی دیالێکتەکانی ئـەم زمانەدا جێی دەستیان دیارە.

ئـەم کونجگیرییـە _( عزلـە) جوگرافیـایی یـە ئـەوەی باشـبوو زمـانی کوردیی پاراست و نەیهێشت زمانە بێگانە کـانیتر کـاری تـێ بکـەن و [38] لێڵی بکەن، بەم جۆرە بە خاوێنیی خۆی مایەوەو بوو بە یـەکێ لـە زمانـە ئاری یە کۆنەکانی خۆرهەلاٌتی ناوەڕاست، کە تا ئـەمڕۆش وشـەو ڕسـتەی ئاریی کۆن پیشان دەدات، کە کورد هەموو ڕۆژێ بەکاریان دێـنن، کەچـی زمانی فارسی لە دێرزەمانەوە دەستی لێهەڵگرتوون [39].

نۆئیـل لای وایـە لێکـدابڕاویی خێڵـە کوردەکـان و پەیـدا نـەبوونی وێژەیەکی هاوبەش و ئەو کارە گشتی یەی کە کردوویـەتی سـەرەنجام بـووە بـە هـۆی ئـەوەی کـە زمـانی هاوچـەرخی کـوردی ببێـت بـە چـەند دیالێکتێکەوە کە هەریە کە و ڕێبازی تایبەتیی خۆی هەیە، بەلاٌم لەگـەڵ ئەوەشدا وەختە بڵێین کە بە هەموویان یەك زمانی سەرچاوە پێکدێنن [40].

## 2- هۆی سیاسی:-

کوردستان یەکێتی یەکی سیاسی ئەو تۆی بەخۆیەوە نەدیوە، هەموو قۆڵ و ناوچە و هەرێمەکانی بگرێتەوە. بێ گومان ئەو پچڕپچڕی یەش، نەیتوانیوە کەلەپوورێکی وێژەی هاوبەش و گشتی ی بۆ بڕەخسێنێ.

---

[38] - Soane,E.B.,(A Southern Kurdish Folkisong in Kermanshahi Dialect). JR.A.S., 1909, jANUARY, P. 36. .

[39] - Soane, E.B., (Report on the sulaimani..), Op. Cit., P. 86.

[40] - Noel, Maior E.W.C., (Note on the kurdish situation), July ,1919, Baghdad, p.1.

هەرچەندیشە هەندێ دەوڵەت و میرنشینی سەربەخۆ و نیمچە سەربە خۆ، بەتایبەتیش لە سەدەکانی ئیسلامەتیدا لە کوردستاندا پەیدابوون، کەچی هێشتا ئەوەش زمانێکی یەکڕەنگی کوردیی نەهێناوەتە گۆڕێ و بگرە زیاتر سەرپەرپیی بە دیالێکتەکانی گرتووە و زۆر لێکی جیاکردنەوە، چونکە ئەو میرنشینانە ناوبەناو لەم هەرێم و ئەو هەرێمە دەهاتنە کایەوەو هەریەکەشیان بایەخی زیاتری بە دیالێکتی ئاخافتنی ناوچەکەی خۆی دەدا.

زمانی کوردی هەرچۆنێك بێ لە نێوان دیالێکتە سەرەکی یەکانیدا سنووری ورد و زەقی زمانەوانی نی یە، بگرە لە نێوان لقە دیالێکتە ناوچە کردەکانیشیدا هەرنییە، نەك هەر نیە، بگر، هەموو ئەم دیالێکتانە لەگەڵ یەکتریدا بەیەکداچوون و تێکەڵن و لە نێوانیاندا دابڕێکی ڕاستەو خۆ و کتوپڕ هەست پێناکرێ و، گەر کەسێ لەمیانەوە بۆ ئەویان بچێ، لەنێوانیاندا هیچ گۆڕانێکی زەقی بەر گوێ ناکەوێ، چونکە ئەو گۆڕانە بەرەبەرە و پلەپلە و بە شێوەیەکی یەکدگیر دێتەگوێی.

هەر بە نموونە، کەسێك ئەگەر بیەوێ لەمپەڕی ناوچەی دیالێکتی سۆرانەوە ڕێگا بگرێتە بەر تا ئەوپەڕی ناوچەی دیالێکتی موکری، کە یەکەمیان لە هەولێر و دووەمیان لە مەهاباد بە پری سەرپەڕیان گرتووە و، لە هەولێرەوە بکەوێتەڕێ و بە شەقلاوەو ڕەواندزو حاجی ئومەران و

خانە و نەغەدە و میاندواودا بڕوات تا دەگاتە مەهاباد، هیچ هەست بە سنوورێکی گۆڕانی زمان لە نێوانیاندا ناکات.

هەر بەو جۆرە، ئەوەی لە ناوچەی دیالێکتی کرمانجی باکوریشەوە ڕووبکاتە ناوچەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، دیسان تا دەگاتەجێ هەست بە سنوورێکی ئەوتۆ ناکات. جا باسیل نیکیتین هەندێ نیشانەی وەهای بۆ دەرکەوتووە کە پیاو دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی بڵێت، دیالێکتی شەمدینان دیالێکتێکی بێ خەوشی کرمانجی باکوور نیی و، بە بوارێکی ئاسانی دابنێت لە نێوان کرمانجیی باکوور و کرمانجی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوەی کە شەمدینان پیتی (ژ **zhe**) و(□□) (لە **La**) بەکارناهێنن.

بە هەمان شێوە ئەوەی لە سلێمانی یەوە بکەوێتەڕێ و بە پێنجوین و مەریواندا بڕوات تا دەگاتە سنە هیچ هەست بە سنوورێکی گۆڕانی دیالێکتی سلێمانی و دیالێکتی ئەردەڵان ناکات، کە ئەمیان لە سلێمانی و ئەویان لە سنە بەپڕی سەرپەڕیان گرتووە. هەروەهاش ئەوەی لە کرماشانەوە بکەوێتەڕێ بە عیلام و خوڕڕەم ئاباد دا بڕوات، تا دەگاتە شار کورد، لە نێوان دیالێکتە ناوچە کردەکانی کرمانجی باشووردا هیچ هەست بە سنوورێکی زمانەوانی ناکات و جیاوازی یەکی ئەوتۆی بەر گوێ ناکەوێت.


---

[41] - ژ Zh دەنگی ئەم پیتە بەپیتی لاتینی ی کوردی بە -J- دەنووسرێت وەك بڵێی: ژان Jan (ژیان 42). (Jiyan) تەماشای ئەم سەرچاوەیە بکە :Nikitine, basel,Op.Cit,P.121

## بەش سێهەم

## نەخشەی دیالێکتە کوردییەکان

زمانی کوردی دیالێکتەکانی زۆر بە فراوانی هەموو بەشەکانی باشوور و باشووری خۆرهەلاتی تورکیاو، قۆلی سنوورەکانی باکووری سوریە و، بەشی باکوور و باکووری خۆرهەلاتی عێراق و، هەموو خۆر ئاوای ئێرانی (( ناوچەی عەربستان نەبێت))، گرتووەتەوە. بەوپێیە هەرێمێکی گەورە و بەرینی خۆرئاوای ئاسیای تەنیوە، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لەوپەڕی باکوورەوە، هەر لە لینینکان و (( ئەرمەنستانی شوورەوی)) قارس و ئەرزەرۆم و ئەرزنجان و سیواس و مرعشەوە دەیگرێتەوە تا لە باشووری خۆر ئاوایەوە، بەعفرین و جبل الاکراد- سنووری دەولەتانەی نێوان تورکیاو سوریەدا- دەڕوات و لە ڕووباری دیجلە دەپەڕێتەوەو شان بەشانی خۆرهەلاتی دوور گەکانی حەمرین دەکشێ و بە- مەنەلی و چیای پشتی کێو و دیزەفول - دا تێدەپەڕێ تا لە (خۆرهەلاتی عەرەبستانەوە) بە سنوورەکانی باکووری خۆرهەلاتی کەنداوی عەرەب دەگات. ئەوپەڕی خۆرهەلاتیشی دەگاتە خۆرهەلاتی ڕووباری ئاراس ماکۆ-خوێ- ڕۆخەکانی




نەخشەی (2)، کوردستان

خۆر ئـاوا و باشـووری گۆلەکـەی ورمـێ-چـیای سـەهەند (کـە کەوتووەتـە بـاکووری مەراغـە) و لەوێـشەوە وەکـو هێڵێکـی پێـچاوپێچ بـە دێهـات و شارۆچکەی ئەحمـەد ئـاواو- مەسـیر ئابـاد- بیجـارو- ئەسـەد ئـاواو (کـە کەوتووەتە خۆراوای هەمەدان)- کارێز و- علی چاددەر- شار کوردو- (لە خۆر ئاوای ئەسفەهانەوە) بە شاری کورد یـشدا بـەرەو باشـوور دەڕوات تـا شاری کەزەیرون و حەسـار و لـە گۆشـەی بـاکووری خۆرهـەلاتی کەنـداوی عەرەبدا، کـە شـاری بەنـدەری دەیلـەم و حەسـاری لێ یـە کۆتـایی دێـت. پێـــوەری ولاتـــی ئـــەم زمانـــەش (کوردســـتان) بـــە 500000کـــم2 مەزەنەدەکریت. بڕوانە نەخشەی ژمارە (2).

زمانی کوردی کـە بـە فراوانـی ئـەم درێـژ و پانییـەی گرتبێتـەوە بـێ گومان هەموو سنوور و دامێن و پەراوێزێکی ئەو بەرە فراوانەی لـە تینـی زمانەکانی دراوسێ ی بەدوور نەبووە. واتا زمانی کوردی لـەو قەراغانـەوە بە ئاشکرا لەگەڵ زمانەکانی هاوسـێدا لێـك کـەوتوەو، کاریـان لەیـەکتری کردووە، ئەوەتە لە باکووری خۆراوایەوە لەگەڵ تورکی و، لە خۆرهەلات و باشووری خۆرهەلاتییـەوە لەگـەڵ فارسـی و لـە خۆرئـاوادا لەگـەڵ زمـانی عــارەبی و لــە بــاکووری خۆرهەلاتیــشیەوە لەتــەك زمــانی ئەرمــەنی و تورکمانیدا تاووتێ بوون و تێکهەڵکێشن.

بەلام لە بەشـەکانی نـاوەوەو نـاو جەرگـەکانی کوردسـتاندا، زمـانی کوردی و دیالێکتەکانی، بەهۆێ ئەوەوە کە لە تینی زمانە دراوسـێکانەوە

دوورن، کوردیەکی پەتین و بێ خەوشن، کەچی لەو قەراغانەوەی، هەندێ وشەی بێگانەی، لەگەڵدا تاووتێ کراوە.

مەبەستیشان لەم زاراوەیەی تاووتێ و تێکهەڵکێشی یەی زمانە، ئەوەیە، سنووری زمانەوانی ی وەکو سنووری نێوان دەوڵەتان و ڕژێمی سیاسییان لە نێوان زمانی کوردی و زمانە هاوسێکانیدا نییە کە لێکیان جیابکاتەوە و لەیەکتریان دابڕێت. مەبەستمان لەو ناوچە قەراغانەیە کە دوو زمانی هاوسێی تێدا تیکەڵن و وەك پردێکیان لێهاتووە لە نێوان هەردوو زمانەکەداو، بە پەڕینەوەش لەو پردە، واتا بە بڕینی ئەو ناوچە تێکەڵە، بە تەواوی دەگەینە ئەویتریان، بەنموونەش، هەروەکو ئەو تێکەڵییەی لە شارە دوورەکانی سەر سنووری زمانەکەدا پەیدابووە.

هەرچی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی زمانی کوردی یە ئەوا دیالێکتی کرمانجی باکور لە بەشەکانی باکوور و باکووری ڕۆژئاوای کوردستاندا بلاۆوەو، کرمانجی ناوەڕاستیش ناوچەکانی ناوەوەو ناوجەر گەی کوردستانی گرتووەتەوە و، کرمانجی باشووریش دامێنی باشوور و باشووری خۆرهەلاتی کوردستانی بەجارێ داپۆشیوە، بەلاّم دیالێکتی گۆران، ئەوە، لەهەردوو هەرێمەکەی دیالێکتی کرمانجی باکوور و هی ناوەڕاستدا، پچڕپچڕ بووەتەوە.

لەم نەخشە و ڕوونکردنەوەیەی خوارەوەشدا ئەو دابەشبوونە بە ئاشکراتر دیارە:- (بڕوانە نەخشەی ژمارە(3))


## أ- دیالێکتی کرمانجی باکوور:-

ئەم دیالێکتە لە هەموو دیالێکتە کوردی یەکانی تر فراوانتر و زۆرترە، چـونکە کوردەکـانی تورکیـە (پارێزگاکـانی بایەزیـد "کـار گۆسـە"، وان جۆلەمێرگ، سیعرت، مووش، ماردین، دیار بەکر، خـەرپوت، ئـەدیابان و غـازیان تەپە و بەشەکانی خۆرهەلاتی پـارێز گـای مەرعـەش و سـیواس و بەشەکانی باشووری پارێز گای ئەرزەرۆم و قارس) هەموویان بەم دیالێکتە دەئاخەفن، بێ لەوەش کوردەکانی باشووری خۆر ئاوای ئەرمەنستانی شوورەوی و باکووری سووریا و دانیشتوانی پارێزگای دهۆك و قەزاکانی زێبارو ئامێدی و سنجارو ئاکرێ ی عێراقیش هەر بەو دیالێکتە دەدوێن و بگرە شاری (خۆی) و(شاهپور )و (قوتور) یش دەگرێتەوە.

دەشێتیش لە باشوورەوە، دیالێکتی کرمانجی باکوور لـە دیـالێکتی کرمانجی ی ناوەڕاست بە هێلێکی خەیالی نیشانە بکەین، ئەو هێلەش دەبێ لە ناوەندی ڕۆخەکانی خۆراوای گۆلی (زریاچەی) ورمێ وە دەست پێ بکات و ڕووە و باشووری خۆراوا بکشێت و بە باکووری شاری شنۆ و ناو گەلی یەکەی کێلەشین دا لەکن سنووری نێوان عێراق و ئێراندا بڕوات تا دەگاتە هەلگورد، ئنجا لەوێوە، شان بەشان، لەگەل ڕووباری ڕەواندزدا، لە دەستی باکوورییەوە تێ هەلکات تا دەیکاتە ناو زێ ی بادینانەوە ((زێی گەورە))، ئیتر لـە بـەری باکووری ئەم زێ یەشەوە، شان بەشانی بکشێت تا دەیکاتە دیجلەوە(43).

---

43- ئـەم سـنوردانانە تـا ڕادەیـەك لەگـەل ئـەو سـنوورانەدا دەگونجێـت کـە ئەدمۆنـدز کێشاونی..بڕوانـە. Edmonds, C.J., Op. Cit., P. 10



نەخشەی (3)

دابەشکردنی جوگرافیای دیالێکتە ناوچە کردەکانی زمانی کوردی

لەبەر ئەوەش کە ئەم دیالێکتە ئەوەندە فراوان و بەربلاوە، هەلومەرجی جوگرافی و سیاسیشی ئەوەبوو کە دیتان، بێ گومان، چەند لقە دیالێکتێکی ناوچەیی لێ بووەتەوە، بەلاّم کەمەکێك نەبێ هیچ جیاوازی یەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە. دەشێتیش هەریەکەیان بەگوێرەی مەلّبەندی خۆی بەم جۆرەی خوارەوە ڕیز بکرێن:-

1- بایەزیدی لە باکوور و باکووری خۆرهەلاّتی گۆلی وان (زریاچەی وان).

2- هەرکاری: لە باشوور و باشووری خۆراوای زریاچەی (گۆلی) وان دا.

3- بۆتانی: لە دەور و بەری دۆلّی بۆتان و، شاری سعرت و ئەرتوش و جزیرە و دیار بەکر (( ئامد) دا.

4- شەمدینانی: گۆشەکەی باشووری خۆرهەلاّتی تورکیە و خۆرهەلاّتی زێی ژوور و و، ناوچەکانی نزیك بەم زێ یەشی لە ئێرانیشدا دا پۆشیوە.

5- بادینانی: لە پارێز گای دهۆك و قەزاکانی ئامێدی، زێبار و ئاکرێ و شێخان و شەنگاردا.

6- دیالێکتی خۆر ئاوا: خەرپوت و ئورفە و عفرین و مەرعەشی گرتووەتەوە.

## ب- دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست:-

ئەم دیالێکتە هەموو باشووری ئەو هێڵە خەیاڵی یە باسکراوەی پێشوو دەگرێتەوە- کە ئەمیان لە دیالێکتی کرمانجی باکوور جیا دەکاتەوە- بەرەو باشووریش تا چەمی سیروان و شاری خانەقین کشاوە. لە خۆر ئاواشەوە، هەر لە خۆرهەڵاتی زور گەکانی حمرینەوە، بەرەو خۆرهەڵات دەیگرێتەوە تا دەگاتە ئەو هێڵەی بە کێوی سەهەند - مەسیر ئاباد- بیجاڕو ئەسەداوادا دەڕوات. پایانی سنووری باشووریشی دەگاتە ڕێگەی هاتوچۆی نێوان مەلایەر2- کرمانشا-3 قەسری شیرین 4- خانەقین.

ئەم دیالێکتە چوار دیالێکتی ناوچەیی تری لێ بووەتەوە کە ئامانەن:-

1- موکری:- مەڵبەندەکانی شنۆ- نەغەدە- مەراغە- میاندواو- شاهێن دژ- سەقز- بۆکان- بانە و، سەردەشتە و مەهاباد ناوجەرگە کەیەتی.

2- سۆرانی:- قەزای زێباری لێ دەرچێ، هەموو پارێزگای هەولێری گرتووەتەوە و، ناوجەر گەکەشی شاری هەولێرە.

3- ئەردەلانی:- مەڵبەندەکانی، سنە- بیجاڕ- کەنگەوەر- ڕەوانسەر و باکووری ناوچەکانی جوانڕۆیە و لە شاری سنەدا جەمسەری گرتووە.

4- سلێمانی یا (بابانی):- شاری سلێمانی ناوجەرگەکەیەتی، هەموو پارێز گاکە و هەندێ ناوچەی قەزای خانەقینیشی گرتووەتەوە.

5- گەرمیانی:- جیاوازی یەکی ئەوتۆی لەگەڵ هی سلێمانیدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دیالێکتێکە و لە عێراقدا هەموو ناوچەکانی کفری و قەرەتە پە و کەرکوك و گوز- شوان ی گرتووەتەوە.

## ج- دیالێکتی کرمانجی باشوور:-

ئەمیش دیالێکتێکی فراوان و گەورەی زمانی کوردی یە و، لە باکوورەوە، هەر لە ڕێگا گشتی یە کەی نێوان قەسری شیرین- کرمانشاو- مەلایەرەوە، بیگرە، بەرەو باشوور کشاوە تا دەگاتە کەناراوەکانی باکووری خۆرهەلاتی کەنداوی عەرەب و، ئەو دیالێکتە کە هەموو تیرەکانی کوردی لوڕ پێ ی دەدوێن، ئەم هەرێمە گەورەیەش کە ئەوانی لێ دەژین بە لوڕستان ناودەبرێت، بۆیە هەندێ لە نووسەران بە دیالێکتەکەیان دەڵێن دیالێکتی لوڕ[*]. لوڕیش بەشێکی گەورەو گرنگ و کۆنی میللەتی کوردە[**]. شەرەفنامەش لەمەڕ ئەم ناو بەسەر دابڕانەوە دەڵێ:

---

[*] – بۆ زانیاریەکی زیاتر بڕوانە: 1-فوئاد حەمە خورشید، ( لوڕ.. دانیشتوانی هەرێمی باشووری کوردستانی ئێران)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ 109، ساڵی 1986، ل 89-106. و عشائر اللور الكوردية، مجلة زةوى (الارض) العدد 11، ك1، 2003 ل 7-9.

[**] (**) -لسترانج، بلدان الخلافة الشرقية، ترجمة بشير فرنسيس وكوركيس عواد، مطبعة الرابطة، بغداد، 1954، ص 235.

ئەم تیرە کوردانە لە ویلایەتی مـانرۆددا سـەریان هەڵـداوە، لـەوێ گوندێك بووە ناوی ((کـورد)) بـووەو لـە نزیـك ئـەو دێ یـەوە گـەلی یـەك هەیە، بە دیالێکتی ناوچەکە (( گولّ)) یـان پـێ وتـووە، جـا لـە نـاو ئـەو گەلی یەدا شوێنێك هەیە، ((لوڕ))ی پێ وتراوەو ئـەم خێڵـە کوردانـە لـە بنچینەوە لەو شوێنە دالّدەیان گرتووە و لەوێوە سەریان هەڵداوە، بۆیە هەر ئەو ناوەیان بەسەردا بڕاوە.

کە تەواوێکیش لەو دولّ و گەلی یەدا زۆر بوون و، زیادیان کرد، ئیتر بەجێیا ن هێشت و ڕەویـان کـردو لـە ناوچـەکانی نزیـك بـە و گـەلی یـەدا گیرسانەوەو هەڵیانـدا، لەبـەر ئـەوە بەمانـە دەووترێـت ((لـوڕی ڕەسـەن))و ((لوڕی بچووکیشیان)) هەر پێ دەوترێت. بەلاّم ئەو خێڵە کوردانـەی، کـە هەر لە بناغەوە نیشە جێ ی ئەو گەلی یە نەبوون، واتا هەر لە سەرەتاوە

خەڵکی ئەو دۆڵە نەبوون و لە ناوچەکانی تری کوردەواری یەوە ڕوویان تێکردووەو لەوێ هەڵیانداوە، بـە تـیرەی ڕەسـەنی لـوڕ دانـا نـرێن و، بۆیـە کێشە ((لوڕی گەورەیان)) پێ وتراوە تا بـە ئاسـانی لـە تـیرە ڕەسـەنەکانی لوڕ جیابکرێنەوەو بە باشی بناسرێنەوە.

بەوپێیـە تـیرە کوردەکـانی لـوڕ، بەگـشتی، دەکـرێن بـە دوو بەشـەوە کـە ئەمانەن:-

## 1- لوڕی گەورە:-

کە بریتی یە لە تیرەکانی بەختیاری و مامەسەنی و کۆهگلو، ئەمانەش ئەو تیرە کوردانەن کە لە کات و سەردەمی جۆر بەجۆردا، یان بە زۆر یان جاروباریش لە خۆیانەوە، لە ناوچەکانی تری کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی لوڕستان کۆچیان کردووە و ئێستاش نیوەکەی باشووری لوڕستانیان بەجارێ داپۆشیوە.

## 2- لوڕی بچووك:

ئەمانیش کۆمەڵە تیرەیەکی کوردن، کە هەر لە زووەوە، لەگەڵ بوونی میللەتی کورددا، لەو هەرێمە نیشتەجێن و ژیاون و، تیرە گەورە بەناوبانگەکانیان ئێستا، دلفان، سەلسەلە، بالاگرێوەو، ئامالەن کە لە ((پێش کۆە)) دەژین و، فەیلی یەکانیشیان لە (( پشتی کۆ))ن.

تیرەکانی لوڕی بچووك بەگشتی فەیلی پێ دەووتراو بە ((فەیلی ی لوڕ)) بەناو بانگ بوون، بەلاّم ئێستا کەس بەم ناوەوە ناویان نابات، کەم نەبێ و، ئەگەر کەسێکیش ئەم ناوە بڵێت، مەبەستی تەنیا تێرەکانی ناوچەی ((پشتی کۆ)) یە[44].

---

44- ئەگەر ئەتەوێ شتی زیاتر لەمەڕ لوڕ، لوڕی گەورە و لوڕی بچووکەوە بزانیت، بڕوانە:

ئـەم دیالێکتـە کرمـانجی باشـوورە، ئـەم لقانـەی خـوارەوەی لێ بووەتەوە:-

أ- لقەدیالێکتی لوڕی ڕەسەن، یان ((فەیلی))[]  .

.(Lakki . Original Luri Original luri(or faili

ب- لەکی **LakkLakki**

جـ- کەڵهوڕی **kalhuri**

د- بەختیاری( [] ) **Bakhtiari Bakhtiarl**

---

1- شەرەفخانی بدلیس ((شەرەفنامە))، هەمان سەرچاوەکەی پێشو، وەرگێڕانی محمد علی عونی: لاپەڕەی 24، 34. هەروەها هەمان سەرچاوە (وەرگێڕانی ڕۆژبەیانی): ل 43، 56. هەروەها کوردی یەکەی: ل: 61، 62، 81، 82.

2- Rawlinson, Major., (Notes an amarch from za- hab..), J.R.G.S., Vol. 9, part l, 1839, pp. 26- 116.
3- Bishop, (Mrs), (Journy in persia and kurdistan) vol. London, 1891, pp. 95- 297.
4- Curzon, George N., (Persia and persian question). London, vol. 2, 1892, pp. 273- 275.
5- Wilson, Arnold Talbet; (Millitary report on S.w. Persia- Luristan). Vol. 5, simla, 1912, p. 30.
6- Field, Henry., (Contribution to Anthropology of IRAN). 1939, PP. 82, 84, 173- 184.

45- ئەگەر ئەتەوێ لەمەڕ زاراوەی ((فەیلی)) یەوە شتی زیاترت بۆ ڕوونتربێتەوە، سەیری ئەم سەرچاوانەی خوارەش بکە:-

1- Curzon George, n., Op. Cit., P. 273- 80
2- Field, Henry., Op. Cit p. 178.
3- Douglas, william G.,op. Cit., P. 95.

46- بۆزانینی چمکێك دەربارەی بەختیاریەکان بڕوانە ووتاریکی ئێمە بەناوی: (**البختيارية وبعض الملاحظات**) کۆڤاری ((ڕۆژی کوردستان))، ژمارە (64) ساڵی (1981)، لاپەرە (9-14).

هـ- مامەسانی **MamasaniMamasani**

و- کۆهگلۆ **Kuhgilu kuhgilu**

لوڕێ ڕەسەن ئەو دیالێکتەیە کە تیرەکانی ناوچەی پشت کۆ پێش کۆ ، بالاگرێوە پیٚ ی دەئاخەفن، واتا لە نیوەی باکووری هەرێمی لوڕستان. لەکیش ئەو دیالێکتەیە کە تیرە کوردەکانی (پێش کۆە)ی لوڕستان پیٚ ی دەدوێن و هەر بەو ناوەشەوە بەناو بانگن و بریتین لەم تیرانەی خواجەوەندو، عەبدو لمالیکی و، ناداوەند و، شۆجار کاتاوەند، هەندێکیش تیرەی ( دەلفان و سەلسەلەو پیران وەند) هەر بە لەك لەقەڵەم دەدەن. ژمارەی لەکیش بە گشتی لە سەرەتای ئەم سەدەیەی ئێستاماندا بە20000 کەس خەملاۆە[47]. کەڵهوڕیش ئەو دیالێکتەیە کە تیرە

---

47- Wilson, Arnold Talbet., Op. Cit., P. 14.

خۆرهەلاتناسێك کە ناوی (فیلڵد)ە نووسیویەتی، کە لە باکووری ئێراندا، لەناوچەی قەزوێن کۆمەڵە تیرەیەکی زۆری(لەك) هەیەو ئەمانە کاتی خۆی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران لە دەورانی رەزا شادا بە زۆر بۆ ئەو ناوچەیەی بردوون و لەو دوورەوولاتە ئاوارەی کردوون و، ژمارەیانی بە(2050) خێزان خەملاندووە. کرنگترینی ئەم تیرە لەکە بەزۆر گوازراوانەش: 1- کۆسەلەر(500) خێزانە. 2- یاری جانلو(400)خێزانە 3- قەرە قۆینلو(350)خێزانە،4- یارەمێشلو(300) خێزانە، 5- علی قورتلو(200) خێزانە،6- ئەحمەدلو(200) خێزانە،7- ساتلوو قوتلوو دەوڵەتلوو وەند(100) خێزانن.. جگە لەوانەش زیاتر لە (1000) خێزانیان کەو توونەتە ناوچەکانی سەقزو لێلاق و، مەڵبەندەکانی مازەندەران و فارسەوە.. بڕوانە:

Field, Henry., Op. Cit., Pp. 81, 72-5.

کوردە ڕەسەن و دێرینەکانی کەڵهوڕ پێ ی دەدوێن و، روالنسن لە ساڵی1938 دا بە20000 خێزانی خەملاندوون، کە دەکاتە نزیکەی100و000 کەس و، نیوەیان بە پرشوبلاوی ئاوارەی جێگای جۆربە جۆری وولاتی فارسن و لەوێ گوزەران دەکەن، نیوە کەی تریشان هەر لەقەلاو قایمە سەختەکانی کۆنی باو وباپیری خۆیاندا، لە باوەشی کێوەکانی زاگرۆسدا تا ئێستاش ماونەتەوە.

ئەوانەشیان کە نشینەی ناوچەی کرماشانن دوو لقی گەورەن:- (شازادە) و ( مەنسووری). کە دوابەدوا(8000) خێزان و(2000) خێزانن. شازادەیان دەستی بەسەر پێ دەشتەکانی (ماهی دەشتدا) گرتووە، کە لە کرماشانەوە کشاوە تا دەگاتە مەنەلی، وبەدرەو جەصان. بەلام نشینە و زەوی و زاری مەنسووری، کەوتووەتە باشووری گەیلانەوە[48]، کە لەچاو ماهی دەشتی شازادەکاندا کەمتر. ئیتر بەو

((جگە لەوانەش لە دەشتی هەولێر 12 گوند هەیە و بە دیالێکتی لەك دەئاخەفن، ئەمانەن: 1- حەسارۆك 2- دەشیوان 3- جەیدەلك 4- قشقە 5- ئەزیانە 6- گۆگ جەلی 7- حوشترالوك 8- ئاودەلوك 9- منارە 10- خوڕخوڕە 11- بەردەسپی 12- دەرماناو.

48- بڕوانە: Rawlinson, Major., Op. Cit., P. 44.

لەمەڕ رەسەنی کەڵووریشەوە، بڕوانە:

The Encyclopaedia Britannica, A dictionary of Arts, science, literature. General information 30th Edition, Vol. 15, p. 950.

جۆرە بە هەر سێ لقە دیالێکتە کەی لوڕی ڕەسەن و، لەك و، کەڵهوڕی، تەواوی بەشەکەی باکووری لوڕستانیان گرتووەتەوە.

(بەختیاری) ش، ئەو لقە دیالێکتەیە کە تیرە کوردە بەناوبانگەکانی بەختیاری پێی دەئاخەفن، کە بەشێکی گەورە و گرانی تیرەکانی لوڕی گەورەن، لەسەر بنجی بەختیاری یەکانەوە، سەرچاوەکان دەڵێن کە بە ڕەسەن لوڕنین، چونکە تیرەکانیان، لە بەشەکانی تری باکووری کوردستانەوە، لە دەوروبەری ساڵی1106ی زاییندا، بۆ لوڕستان کۆچیان کردووە و لەوپێش لوڕستان نشینەی ئەمان نەبووە، بەختیاری یەکان دوو، بەرەشن، هەفت لنگ و چوارلنگ:-

أ- بەرەی (هەفت لنگ) واتا ( حەوت هۆز، یا، حەوت بەرەباب) ئێستا پەنجاو پێنج هۆزن و لە ناوچەکانی ئاوەلێژەی ڕووباری (گارۆن) دا دەژین و زۆربەشیان کۆچە و خێڵەکی بوون.

ب- بەڵام بەرەی چوارلنگ ( چوار هۆز، یان، بەرەباب)، لە بیست و چوار هۆز، یان تیرەی بچوك، پێك هاتووە، کە لە ناوچەکەی نێوان ڕووباری (گارۆن) و ڕووباری (زالکی) دا نیشتەجێن و زۆربەشیان جوتیاری نیشتەجێن.

خاتو بیشۆب ژمارەی هەموو تیرەو هۆزەکانی بەختیاریی وا خەملاندووە، کە لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی تۆزدەهەمدا(29100) خێزان بووە، ئەوەشی وتووە، کە ئەم ژمارەیە لە

مـــاوەی نیـــو ســـەدەدا، واتـــا ، تـــا دەوروبـــەری ســـاڵی1890، گەیشتووەتە(232800) خێزان، بێ گومان ئـەم ژمارەیـەش گـەلێك زۆرە([49]).

49 Bishop, Mrs., Op. Cit., P. 294. :

پاشماوەی پەراویزی (49)

لەمەڕ دابەشبوونی بەختیاری یەكانەوە بەم دوو بەشە گەورەیەوە سێ ڕای جۆربەجۆر هەیە:

1 - ڕەسەنیان لە دوو براوە پەیدابووە، یەكێكیان حەوت كوڕ و ئەویتریان چوار كوڕی بووە.

2 - پاپیرە گـەورەو دامەزرێنـەری ئـەم تیرەیـە كـە پیاوێـك بـووەو ئـاوی بـەختیار بـووە دووژنـەبووەو، لـە یەكـەمیان حـەوت كـوڕی بـووە كـە لقـی ((هـەفت لـنگ)) یـان لێ كـەوتووەتەوە، بەڵام ژنی دووەمی چـوار كـوڕی بـووە كـە لقـی ((چـوارلنگ)) یـان لێ كەوتووەتـەوە. ئەم ڕایەیان لەوانی تر ڕاستترە.

3 - ڕای سێ یەم دەڵێت: ئـەم تیرەیـە لـە پێـشا یـەك پارچـە بـووەو بـەش بـەش نـەبووە، بـەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان، كە تووشی شەڕ بووەو پێداویستی هێـرش و هەڵمـەت وەهـای ناچاركردووە كـە خۆیان بكەن بـە دوو بەشـەوە، دوای شـەڕ و كوشـتارەكەش، دەركـەوت كـە یەكـەمیان حـەوت زەلامی نەماوەو، دووەمیشیان چوار. بەو بێ یە ئەو ناوەیان بەسەردا بڕرا.

ئەگەر بە شوێن زانیاریی زیاتریشدا دەگەڕێیت، لەم ڕووەوە، سەیری ئەم سەرچاوانە بكە:-

1- Curzon, George N.,op. Cit., 291.

2- Sawyer, Colonel H.A., (The Bakhtiarl Mountains and Upper Elam). G.J., Vol. IV. Number 6. 1899, p. 501.

3- Wilson, Sir Arnold T., (The Bakhtiaries). J.C.A.S. Vol. xlll, part lll., 1926, p. 208-209.

4- Harrison, J.V., (The Bakhtiari country). G.J., Vol. LXXX, NO.3., 1933, P. 198.

5- Milkonian, Vantan., (The Grass- folk . Notes on Bakhtiaries), The Faiha press, Basrah, 1940, p. 4.

6- The Encyclopaedia of Islam, Vol.I, Leiden, 1960, p. 955.

7- patai, Rephael., (Society, Culture and Change in the Middle East.) 3rdEdition, 1971, p. 224.

بەلاّم دیالێکتی (مامەسەنی) ئەوەیە کە تیرەی ناوداری کوردی مامەسانی پێی دەدوێن، ناوەکەشی لە ناوی ((محەمەد حەسەن))ی باپیرە گەورەیانەوە وەرگیراوە. (کۆرزن) یش ژمارەیانی وەها خەملاّندووە کە لە ساڵی1884 دا(19000) کەس بووبن، لە سەرژماردنێکی تریشدا بە(2700) خێزانی لەقەڵەم داون. ئەم تیرە کوردە گەورەیە، کە لە داوێنەکانی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستاندا دەژین، ئێستا بریتی یە لەم بەشانە:-

1- بەکشی:(1200) خێزانە و لە بنەڕەتدا هی17 بەرەبابن.

2- جاوی، یاخو (جاویدی):(700) خێزانە و لە16 بەرەبابەوە کەوتوونەتەوە.

3- ڕۆستەمی:(800) خێزانن، هی دوو بەرەبابی گەورەن:

أ- خان عەلی خان و، ب- ئیمام قولی خان، کە هەر یەکەشیان کۆمەڵێ بنەماڵەیان لێ بووەتەوە[50].

لقە دیالێکتی (کۆهگلۆ)ش، ئەوەیە کە تیرە کوردەکانی کۆهگێلو قسەی پێ دەکەن، ئەمانەش، لە باشووری ناوچەکانی بەختیاری یەوەو لە دەوروبەری کێوی (دیناو) چاو گەکانی ڕووباری (چەراهی) یەوە

---

50- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:-

1- Curzon, George, N., Op. Cit., P. 318- 19.

2- De Bode., (The country of Mamasani and kuhgilu). J.R.G.S., Vol. 13, part I, 1843, p. 83.

Field, Henry., Op, cit., P.22

گرتوویانەتەوە تا ڕام هورموز و بەهبەهان و کزەیرون، خۆراوایـان عـەرەبی ئەهواز و خۆرهەلاتیشیان کـوردی مامەسـەنی داپیۆشـیوە. خۆشـیان دوو کۆمەڵە بەشن:

أ- کۆمەڵەی پشتی کۆە گەلو: کە لەم بەرەبابە گەورانە پێك هاتووە:

1- بـوێر ئەحمـەدی 2- دوشمـن زیـاری 3- سـەید ڕەزا تۆفیـق 4- تـابی بیلال 5- تابی بینی 6- تـاجی تیبـی 7- بەهمـەهی 8- جـاروم فـشلیان 9- باوی 10- نوێ.

ب- کۆمەڵەی ژێر کۆە: ئەمانەش لەم بەرەبابە گەورانە پێك هاتوون:

1- ئاغاجاڕی 2- بەگداڵی و 3- باوەلی.

هەر یەکەش لەو بەرەبابانە کۆمەڵێ بنەماڵەیان لێ کەوتووەتەوە[51].

---

51-تەماشای ئەم سەر چاوانەش بکە:

1- Curzon, George, N., Op. Cit., P. 317.
2- Field, Henry., Op. Cit., P. 304.
3-Army Head Quarters(India), Military report on S.W. Persia (kuhgalu country). Vol. IV, Simla, 1909, PP.5-7.

## د- دیالێکتی گۆران : -

دیالێکتی (گۆران) گەر[52] لە باشووری یەوە بیگرین، هەر لە باکووری ڕێگای نێوان قەسری شیرین- کرمانشاوە دەست پێ دەکات، بەرەو باکوور کشاوە تا دەگاتە شاخەکانی هەورامان. لە خۆر ئاواشەوە، هەر لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆر هەرلاّت داپۆشیوە تا دەگاتە کرماشان. گۆران لەم هەرێمەدا لە چەند تیرەیەکی یەکگرتوو پێك هاتووەو بە یەك دیالێکت دەدوێن، کە دیالێکتی گۆرانە و، هەر بەو ناوەشەوە ناودەبرێت. تیرەکانی هەورامان و ریجاب (رژاو) **Rijab** وکاندو لە **Kandule** کە لە کرماشانەوە نزیکن، هەروەهاش لقە ڕاستەقینەکانی سەر بە سنجاوی، گۆران و، باجەلاّن هەموویان بەم دیالێکتە دەدوێن[53].

---

52-مینۆرسکی ((هەمان سەرچاوە، لاپەرەی 78)) لەو بڕوایەدایە کە ووشەی گۆران لە یەکێك لەم دوانەی خوارەوە وەرگیرابێت:

1- ووشەی گابرال ((لایەنگرانی زرادەشت)) - گەوران - گۆران.

2- لە ناوی تیرەکەوە، کەوبەرکان- کەورەکان - کورکان - کوران- گۆران.

53- 1- Soane, E.B., (Short Anthology ..), Op. Cit., P. 59.

2- Driver, G.R., Op. Cit., P. 505.

3- Napier, G.S.F.,(The Road from Baghdad to Baku). G.J., Vol. LIII, number 1, 1919, pp. 86- 9.

4- Felix. James., (Memories of commander James Felix. Bombay. 1857, pp. 158, 162-63.

5- The Encycloaedia Britanica), op. Cit., 950.

بێ لەوان ، شەبەكی باكووری خۆرهەلاتی موسلیش كە لە ئاوەلێژەی ڕووباری خۆسەردا دەژین هەر بە و دیالێكتە دەئاخەفن[54]. ئەم دیالێكتە چوار لقیشە كە ئەمانەن[55]:

1- گۆرانی ڕەسەن
2- هەورامانی
3- باجەلانی
4- زازا

گۆرانی ڕەسەنیان، دانیشتوانی ناوچەی كرند- زەهاوو جوانرۆپێ ی دەدوێن، هەروەهاش هەندێ كاكەیی داقوق[56] و تیرەی زەنگنەی نزیكی كفری[57] قادر كەرەم و سیامە نصوری سەر ناوچەی لیلان.

---

54- دەبێ لقەدیالێكتی شەبەك كە لقێكە لە دیالێكتی گۆران و، وەك هەورامی دەدوون، لە سنووری كرمانجی باكووری دەركەین، شێوەی شەبەك خواروری ڕێگەی هەولێر- بادینان و دیجلە دەگرێتەوە..

-55 Minorsky, (The Guran), op. Cit., P. 88.

56- كاكەیی یەكانی داقوق بەشێوەزمانەكەی خۆیان دەڵێن ((ماچۆ)) واتە ماچۆ یەكێكە لەبن لقە دایالێكتەكانی گۆران و زۆر بەر بلاو نی یە، ڕۆڵەكانی خێلی كاكەیی ی كورد لە شاری كەركووك و گەڕەكی خۆرز لە داقوق و لە گوندەكانی مەتیق، تۆبزاوە، علی سەرا، زونقر ئەلبو محەمەد و عارەب كۆیی قسەی پێ دەكەن. لە مووسڵ و هەولێریش لە گوندی: مەمزاد، سفەیە، نویلەبەن، وەردەك، كەزەكان و كولەبۆر، لە خانەقینیش لە گوندی میخاس مەڕەمێ، شێخ ڕەحیم و كاكەیی یەكانی مەندەلیش قسەی پێ دەكەن. ئەگەرچی ئەوانەی

خۆ (هەورامانی) ئەوە هەر دیالێکتێکی تابلێ ی تەڕو شیرینە و چەند بلێ ی خۆشتینە(□□)، دانیشتوانی شاخەکانی هەورامان و، پاوەو، پلنگان و، دەوروبەری هەموویان بەم دیالێکتە دەدوێن. هەورامی یەکانیش دوو بەشن: بەشی (لهون ) یان لە خۆراوای ڕیزە شاخەکانی هەورامان (واتا لە کوردستانی عیراق) نیشتە جێن و بەشی دووەمیان کە ((تەخت))ی پێ دەدەووترێت، لە خۆرهەلاتی ئەو ڕیزە شاخانە (واتا کەوتوونەتە دیوی کوردستانی ئێرانەوە)(□□).

---

بەم بن لقە قسەدەکەن ژمارەیان لە چاو ئەوانەی بە دیالێکتی گۆران قسە دەکەن کەمە لەسەر ئەوەش- بۆ خۆشەویستی پێ ی دەلێن ((ماچۆزمان)). بۆ زیادە ئاگاداری پڕوانە، هاشم کاکەیی و هەردەوێل کاکەیی، (ڕۆژی-21-11-1984و هەردەوێل کاکەیی، پەندو قسەی نەستەقی ماچو، بێ چاپەخانە، هەولێر، 2006.

[56] - Edmonds, C.J., (Kurds Turks..) Op. Cit., P. 10.

58- محمد أمین زکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 324.

59-لە سەرژمێرەکەی سالی1957 دا نووسراوە کە هەورامی یەکانی عیراق نزیکەی(5000) کەسن و سەربەقەزای هەلەبجەن و(28) گوندن کە ئەمانەن: گوندەکانی هەورامانی عیراق: تەوێلە، بەلخە، سۆسەکان، دەگاشێخان پالانیا، بیارێ، نازنجلە، خەرپانی، بنجەودرەی، خارگێلان، گولپ، هانەتەونی، باخەکۆن، گەچینە، سەرگەت، هانەی دن، دەرەی مەڕ، زەلم، ئەحمەدئاوا، هانەی قول، هێلان بێ و خورمالە. تەماشای (وزارە الداخلیە ((دلیل التعداد العام لسنە1965)) بغداد، ص366) بکە. بۆ زانینی پتریش لەمەڕ دیالێکتی هەورامی یەوەو پەیوەندیی بە دیالێکتە کوردی یەکانی ترەوە، بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامی (زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراووردا)، بەغدا1981.

بەلاّم (باجەلاّنی) دیالێکتێکی پـرش و بـلاّوە، ئەوانـەش کـە پێـی دەدوێـن هەنـدێکیان پەڕیونەتـە بـاکووری خۆرهـەلاّتی موسـلّ و پـێ یـان دەووترێت (شەبەك)[60]، بەشێکیشیان، لە زەهاو و، لە باکووری لوڕسـتان و، نزیك خانەقین و[61]، لە قۆرەتوو هۆرێن و شێخان (ناحیەی مەیدان) ی کوردسـتانی عـیراق دادەنیـشن، هـەر چەندیـشە ناوچـەکانی دیـالێکتی باجەلاّن بەم شێوەیە بـلاّوەو لەیـەکتر دوورن، بـەلاّم ئـەو دیالێکتـەی پێـی دەدوێن چونیەکە. ئەوەندە هەیـە، کرمـانجیی ناوەڕاسـت، بـەهۆی تێکـەلّی یەوە، کارێکی تەواوی تێ کردووە[62].

(زازا) ش لقــە دیــالێکتێکی گۆرانــە، بــەلاّم ئــەوەی ســەیرە، جێگەکەیان لە ناوچەکانی دیالێکتی گۆرانەوە زۆر دوورەو پەڕی بـاکووری کوردستانی گرتووە، لەوێ کەوتووەتە ناوچـەی نێـوان ئـەرزەڕۆم- مـوش - خـەربوت و- ئەرزنجانـەوە، ئاشـکراتری بڵـێین، بـە ناوچـەی نێـوان هـەردوو چڵەکەی (فـورات سـوو) موورادسـودا کـشاوە تـا لـە باشـووری چـیاکانی (موشیرداغ) دا بەیەك دەگەن، واتا کەوتووەتە ناوچەی دەرسیمەوە[63].

---

60- تەماشای پەراوێزی(50) بکە.

61- لە سەرژمێژەکەی سالّی1957 دا نووسراوە کە(257) کەسی باجەلاّنی لە ناوچەی باوەپالاّوێ و ناوچەی عەلیاوای خانەقین دەژین، سەیری سەرچاوەکەی پێشوو پکە (وزارە الداخلیە) المصدر السابق.

-62 Driver, G.R., Op.. Cit., P. 505.

63- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە :-

سۆن و، درایڤەر لەمەڕ ئەم دیالێکتی گۆرانەوە وتوویانە کە دیالێکتێکی زیندو نییە(□□). ڕەنگیشە لەبەر ئەوە هاتبنە سەر ئەو باوەڕە، کە ئەوانەی بەم دیالێکتە دەدوێن لەچاو دیالێکتە کوردی یەکانی تردا - زۆر کەمن و، نووسراویشیان بەم دیالێکتە کەم دەستکەوتبێ، یان هەر نەیاندیبێت، واتا کەلەپووری وێژەی ئەم دیالێکتە کەم و بە دەگمەن دەستکەوتووە. بەڕاستیش، ئەم دیالێکتە بە تەمەنی خۆی، لە سەردەمی میرەکانی ئەر دەڵاندا نەبێت هیچ نەشونمایەك و گەشە کردنێکی بەخۆیەوە نەدیوە(□□)، تەنیا ئەوان بە گەرمی ڕێگەیان بۆ خۆشکردووە، دەرگای کۆشك و تەلاری شاهانەی خۆیان بۆ هەموو بوێژ و هۆنەر و شایە رو نووسەرێك خستبووە سەرپشت کە بەم دیالێکتە دەیاننوسی و(□□) خۆش خۆش لە پشتیان دەدان و دەمیان شیرین دەکردن. دەنا لەوە زیاتر مەگەر بە دەگمەن تروسکایی بووبێت. کە قاجاری یەکانیش لە ساڵی1867 دا(□□) ئەم میرنشینە کوردەیان تێك داو میرەکانیان لێ خست،

---

1- Minorsky, v., Op., Op. Cit., P. 76.
2- Driver, G.R., Op. Cit., P. 505.
64 1- Soane, E.B., Op. Cit., P. 59.
2- Driver, G.R., Op., Cit., P. 505.

65- بڕوانە: محمد أمین زکی (تاریخ الدول والامارات الکردیە) تعریب محمد علی عونی، القاهرە، مگبعە السعادە1948 و ((خلاصە تاریخ الکرد وکردستان)) ص331.

66 Edmonds, C.J., Op. Cit., P. 10.
-67 Soane, E.B., Op. Cit. P. 53.

ئەمانیشیان پەکخست، ئیتر ئەستێرەی گەشی ئەم دیالێکتە، ئەوە نەبێ کە ماوە، کەوتەکزی. ئەوەندە هەیە میرەکانی پێشەوەی بابانیش بایەخیان پێ داو درێغی یان لێ نەکرد(68). ئەوەی شایانی باسە هەموو ئەدەبی کۆنی کورد لە هەرێمی ولاتانی ناو ئێران و دوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوك دا لە سەرەتادا بەم دیالێکتەی گۆرانە بون.

من لام وایە ئەدەبی گۆرانی لە دەورانی دەولەتی حەسەن وەیهیی یەوە تاسەدەی هەژدە لەبەشی کرمانجی ی خوارووو ناوەندی دا یەکەمین ئەدەب بووە، تا بابانەکانی ئەم دواییە کە لە سەر ڕیشەی بابانی کۆن دامەزرابوون و- خۆیان لە بنەڕەتا لە ((پشدەر))و لە موکریانەوە هاتوون- وئەچنەوە سەر فەقێ ئەحمەد.

ئەدەبی ولاتەکە هەر گۆرانی بوو. بابانەکان لە سەرەتادا پەرەیان داوە بەبەیت (بەیتی بلە، بەیتی ئەورەحمان بەکر.. تاد) ئنجا هەڵبەست. بەشێوەی کرمانجی ی ئەمرۆی وولات کە لە مەلا محەمەدی هەزار مێردی و، شێخ مارفی نۆدێ و، نالی و، مەولانا خالیدەوە دەست پێ دەکات.

-68 Soane, E.B., Op. Cit. P. 53.

## بەشی چوارەم:

# جوگرافیاو مێژووی پەرەسەندنی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی

جوگرافی زانەکان، وای بۆ دەچن کە پەیوەندییەکی گەورە هەیە لەنێوان بارودۆخی جوگرافیا، یان ژینگە و، نێوان ئەو زمانانەی بنەماڵەی یەك زمان پێکدێنن، یان ئەو زاراوانەی سەر بەیەك زمانن و هەروەهاش، پێشکەوتنی شارستانیش دیسان دەوری سەرەکی هەیە لەم لایەنەوە، چونکە لە رێگەی بازرگانی و پێشەسازی و زانستی و تەکنەلۆژیاوە، وشەی نوێ دەهێننە ناو زمان یان زاراوەوە. ئەمە سەرەڕای کارلێکەریی شەڕەو داگیرکاری بۆ سەر زمان ، ئەم گۆڕانکاری یانە، سەرباری گۆرانکاری جوگرافی، بەشداری دەکات و بەشداری کردوە لەپەیدابوونی هەمە ژمارەی زمانەکان و پەیدابوونی زاراوەکان و هەمە جۆریان و، ئێستا هیچ زمانێکی سەرەکی نییە بەبێ هەمە جۆریی زاراوە، ئەگەر زمانی کوردی تەنیا چوار زارەوەی تیایە، زمانی چینی و زمانی ئینگلیزی و زمانی فەرەنسی و زمانی ئەڵەمانی و زمانانی دی دیسان زۆر زاراوەیان تیایە.

## زمانی هندۆ -ئەوروپی:

زمانی کوردی سەر بە خێزانی زمانانی هندۆ-ئەوروپی یەو، ئەم کۆمەڵە زمانە لە زمانێکی پێش مێژوو پەرەی سەندووە کەپسپۆرەکان زمانی هیندۆ- ئەوروپی پێشینە، یان، سەرەتایی ناویدەبەن ( **PORTO** **IndoPorto - Indo - European**) کەبڕوا وایە لە پێنجەمین هەزارەی پێش زایندا با بووە [69].

پێشڕەوانی ئەوانەی بەم زمانی دواون بە کورگانز(**Korgans** ) ناسراوون کە لە هەرێمی ئەستبسی ئۆراسیادا ژیاون، لە نێوان ڕووباری فۆڵگای باکووری دەریای قەزوین و ڕۆژهەلاتی ڕووباری ڕۆن و، ڕۆژئاوای چیای ئۆرال لە نزیکەی 4300پ ز [70]، دواییش بە ئاری ناسراون.

ئاری یەکان نیشتمانی نەژادی خۆیانەوە بەرەو ناوچەکانی تری ئۆراسیا ڕەویان کرد و هەتا پێش جیابوونە وەشیان بە یەك زمان دەدوان، بەلاّم بلاّوبوونەوەی فراوانی هۆزەکانیان، بە هەردوو کشوەری ئاسیا وئەوروپادا، پچڕاندنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوانیان بەرە بەرە بووە هۆی دابەش بوونی ئەو زمانە لە نێو خۆیاندا وکۆمەڵێك زمانی لێ دروست بوو، سەرەڕای ئەمەش نیشانە سەرەکی یە هاوبەشەکانی خۆیانیان تیا

69- Moris, Williams, The heritage illusfrated dictionary of the English Language, New york,

70- Rubnstein, J.M., Caltural Landscape, West publishers Co., Saint paul, 1983, p. 127-8.

مایەوە، کە بەڵگەن لەسەر هاوبەشی نەژادیان. دوایش لەبەر فراوانی پانتایی بلاوبوونەوەی جوگرافیای یان لە ولاتی هیندەوە لە باشووری ئاسیا هەتا کشوەری ئەوروپا، زمانەکانیان بە زمانانی هیندۆ- ئەورووپی ناسراون (IndoElndoIndo - European Languages) زمانی کوردی ئێستا سەر بە ئەو کۆمەڵە زمانەیە وبەپێی ئەمەش لە ڕووی زمانەوانی یەوە تایبەتمەندێتی ئەو هەڵدەگری[71]، بەرجەستەبوونی زمانی کوردی پەرەسەندنی و گرتنەبەری ڕەوتی سەربەخۆیی لە نێوان کۆمەڵەی زمانە هیندۆ- ئەورووپاییەکانداو وەرگرتنی ناسنامەی تایبەتی خۆی وەکو زمانێك بۆ نەتەوەی کورد، ناشێ ڕوون بکرێتەوە بەبێ بەستنەوەی ئەو قۆناغە مێژووی یانەی کە گەلی کورد خۆی پێیدا تێپەڕیوە.

## مێژووی زمانی کوردی:

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کورد سەر بەگۆتی یەکانن، لەکۆنترین شوێنیشدا ناویان هاتبێ، لە چیای زاگرۆس دایە لە 3800پ.ز[72]، بۆیە پێش ئەوەی شەپۆلی سەرەتای یەکانی ئاری بگەنە کوردستان و چیای زاگرۆس بەزمانی تایبەتی خۆیان دەدوان. لەسەر ئەم بناغەیە دەتوانین

71- بۆ زێدە زانیاری بڕوانە: فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، چاپخانەی افاق عربیە، بغداد، 1985، ل11 - 26.

72 - Williams, Henry smith, The history of the world, Vol. 1, The Encyclopaedia Britannica Co., New york, 1926, p. 326.

ئـەوە بڵـێین کـە زمــانی کـوردی پێـشینەیان سـەرەتا( **proto-Kurdish Language**) زمـانی گـۆتی بـووە پـێش هـەزارەی یەکـەمی پـێش زایـین بەشێوەیەکی ڕوون بەکار هاتووە. چونکە ئەم زمانە کوردی یـە سـەرەتاییە لە سەدەی یازەدی پێش زایینەوە[73]، بەرە بەرە کەوتۆتە بەر کارتێکردنی وشەو ناوی ئاری، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی پێشڕەوانی ڕەوی ئاری یەکان بۆ چـیای زاگـرۆس (کوردسـتانی ئێـستا)، کـارتێکردنی زمـانی ئـاری لـەم زمانەدا بەردەوام بوو هەتا هاتنی (میـدی یـەکان) کـە تێکـەڵی (گـۆتی یەکان) بـوون و زمـان و نـەریت و ڕۆشـنبیری خۆیـانی بەسـەریانا سـەپاند، بەمەش زمانی کـوردی لـە نزیـك 700پ ز سـەرجەم دیـاردە زمانـەوانی یەکانی هیندۆ- ئەوروپی لە خۆ گرت و زمـانی کـوردی میـدی دەرکـەوت کـە 150 سـاڵ بـەردەوام بـوو (700- 550پ.ز)[74]، کـەوا ئەمــەش ماوەی دەسەڵاتی میدی یە.

دەسەڵاتداریتی میدی تەنها بە داسەپاندنی ئەم زمانـە دانەکـەوت، بەڵکو پاراستن و بەرگری لێکردن و بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆگرت، ئەمـەش ئەوە ئەگەیەنێ کە گەلی کورد لەو سەردەمەدا بە زمـانێکی یـەك گرتـوو دواوە، بەبێ شێوە زمان، کـە بەنـد بـووە لـە سـەر تێکـەڵ بـوونی هـەردوو زمانی گۆتی و میدی. لەبەر ئەمە دەتوانین ئەوە ساغ بکەینەوە کە زمانی


73 - The Cambridge Ancient history, Vol. I, Part 2, cambridge University press, Cambridge, 1976, p. 380.
74 - Williams, Henry Smith, op- cit., Vol- II, P- 380.

کوردی ئێستا، وەکو زمانێکی هیندۆ- ئەورووپی سەربە خۆو دیار و ڕوون لە نزیك ساڵی 500 پ.ز دروست بووە و نزیکەی هەزار ساڵ بەردەوام بووە، واتە تا ساڵی 500ی زایینی. ((بڕوانە وێنەیەی ژمارە (3) ))، بەلاّم دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە زمانی کوردی ئێستا زمانێکی پاراوی ئاری نەبووە، چونکە بریتی بووە لە تێکەڵ بوونی هەردوو زمانی گۆتی و میدی یە، بۆیە گشت ئەو وشانەی لە زمانی کوردی دا کە لە ڕووی نەژادەوە ناگەڕێنەوە بۆ سەر زمانی ئاری ئەوانە پاش ماوەی زمانی گۆتی یەکانە کە زمانی میدی یە پێشینەکان نەی توانیوە بیان توێنێنەوە، بەپێی ئەمەش بوون بە بەشێکی تەواوکەری ئەم زمانە.

## مێژووی دیالێکتەکانی زمانی کوردی:

لە پاش ئەوەی زمانی کوردی بەرجەستە بوو، وەکو زمانێکی ئاری سەربەخۆی یەکگرتوو هاتەکایەوە، ئەنجا شێوەی، یان دیالێکتی ئەوتۆی لێ دروست بوو کە لە ناوەڕۆکی زمانی دایکەوە زۆر دوور نین، وا دیارە ئەمەش پاش 1500 ساڵ لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری یەتی میدی یەکان ڕووی داوە. لە نزیك 1000ی زاییندا لەسەر شانۆی جوگرافیای کوردستان چوار دیالێکتی سەرەکی ئەم زمانە پەیدا بوون کە

ئـەمان: کرمـانجیی بـاکوور، کرمـانجیی ناوەڕاسـت، گـۆرانی و، کرمـانجیی باشوور[75]. دەرکەوتنی ئەم دیالێکتانەش دیسان پەیوەندی هەیە بە.




وێنەی ژمارە (3)

مێژووی پەرەسەندنی زمانی کوردی ودیالێکتەکانی

---

75-فوئاد حەمە خورشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 27.

پەرەپێدانی مێژووی نەتەوەی كورد و مێژووی ڕامیاریی و باری جوگرافیاییەوە پێكەوە. پاش ڕووخاندنی ئمپراتۆری یەتی میدیا ساڵی 550 پ. ز[76] بۆ كورد هەل بەرپانەبوو هیچ جۆرە دەسەلاتێكی ڕامیاری پێكەوە بنێ هەتا زمانەكەی لە پەرت و بلاوی و دابەش بوون بپارێزێ. بەڵكو لەو ڕۆژگارەوە كەوتۆتە ژێر دەسەلاتی بیانی كە هەرگیز گوێ یان بە چارەنووسی ئەم زمانە نەداوە.

ئەم بارە ڕامیاری یەش ڕەنگ دانەوەی خراپی هەبووە لەسەر زمانی یەكگرتووی كوردی، چونكە هۆزە كوردی یەكان لە پاش لە دەست چوونی دەسەلاتی باوكایەتی كە هەموویانی دەپاراست، لە سایەی باری نوێ دا ، گۆشەگیر بوون و لە یەك جیابوونەوە و ڕێگا خۆش بوو بۆ ئەوەی هەر سەرۆك هۆزێك بەرپرسیارێتی پاراستنی هۆزەكەی لە ئەستۆ بگرێت و لە كارتێكردنی دەسەلاتی بیانی بیپارێزێ. بەمەش هەر هێزێك زمان و نەریت و سەربە خۆیی خۆی لە سنووری ناوچەی خۆیدا پاراست. بەلام فراوانی پانتایی جوگرافیایی كوردستان و سروشتە شاخاوی یەكەی و پەیدابوونی ئەم هۆزانە پتر ڕێگایان ئاسان كرد بۆ گۆشەگیری جوگرافیایی لە نێوان هۆزەكاندا. ئەمەش بە درێژایی مێژوو بووە هۆی زیادبوونی جیاوازی نێو زمانی كوردی دا بەرە بەرە بووە هۆی ڕەگداكوتانی ئەو

76-Roux, Georges, Ancient Iraq. Bengain Book, The Chaucer press, London, 1964, p. 349.

جیاوازی یـە کـە لـە نێـوان شـێوەی ئاخـافتنی هەرێمـەکانی کوردسـتاندا هەیە[77]. ئەمە بێجگە لە دەرکەوتنی وشەی نویٚ بە درێژایی قۆناغەکانی پەرەسەندنی شارستانیەتی لەهەر هەرێمێك لە هەرێمەکانی ئەو هۆزانە.

دابەش بوونی دیالێکتە سەرەکی یەکانی زمـانی کـوردی لـە نێـو خۆیاندا، لەم سنوورەش دا نەوەستا، بەڵکو هەمان هۆکارەکانی ڕامیـاری و جوگرافیایی و کۆمەلاٚیەتی و ئابووری، بێجگە لە گەشەکردنی هۆزەکـان و دابەش بوونیان بۆ لق و تیرەی دی و ڕەوی هەنـدێکیان بـۆ شـوێنی جیـا جیا لە خاکی کوردستان دا و دوایـیش تێکـەڵ بوونـەوەی هەنـدێکیان لـە ناویەکدا لە میانە پێنج سەد ساڵی دوای ئـەو ڕۆژگـارەوە، ڕێگـای خـۆش کرد بۆ پێکهاتنی هەر چوار دیالێکتە سەرەکی یەکەی زمـانی کـوردی، واتە لە نزیکی 1500 ی زاینییدا.

جیاوازی یەکانی زمـان بـەرە بـەرە گۆڕانیـان بەسـەردا هـات بـەرەو ئەوەی ئێستا بە (دیالێکتی هەرێمی) یان (سـەرەکی) ناویـان دەبـەین کـە تایبەتن بە هەرێمە ناو خۆی یەکانی سەر بەهەر چوار دیالێکتـە سـەرەکی یەکانی زمانی کوردی: کرمانجیی باکوور، کرمانجیی ناوەڕاست، گۆرانی و، کرمانجیی باشوور.

بەم شێوەیە ئەوە دووپات دەبێتـەوە کـەوا هـەر چـەند ئـەو ماوەیـە درێژ بووبیٚ کە کورد دەسـەلاٚتی بـەهێزی نـەبووبیٚ بـۆ داسـەپاندنی زمـانی

77- فوئاد حەمە خورشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 42.

یەکگرتووی، جیاوازی شێوە ناو خۆییەکانی زمانەکەی زیادی کردووە، وشەی نامۆیان پتر هاتۆتە ناو، ئەمەش بوو بە هۆی پەرەسەندن و پەیابوونی دیالێکتە ناوچەکردەکانی (ناو خۆییانەی) نێو دیالێکتە سەرەکی یەکانی ئەم زمانە کە ئێستا هەن. دوایش ئەم دیالێکتە ناوچەکردەکانی زمانی کوردی، دەشێ، دیسان لە نێو خۆیاندا دابەش ببنەوە و زیاد بکەن بە پێی ڕادەی کەوتنە بەرکاری زمانی کوردی یان هەر یەك دیالێکتە ناوچەکردەکانی بە وشەی عەرەبی یان فارسی یان تورکی، کە ڕەنگە ئەمەش لە پاشەڕۆژدا ببێتە هۆی پەیدابوونی دیالێکتی ناوچەکردی دی.

بە کورتی دەتوانین پەرەسەندنی مێژووی زمانی کوردی لە میانەی ئەو وێنەیەوە سەرنج بدەین کە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەدایە، کەوا ئەو ئەنجامە دەنوێنێ کە لێکۆڵینەوەکە دەیەوێ دووپاتی بکاتەوەو، بە پێی ئەوەش دەتوانین:

سەرەتاکانی دەرکەوتنی زمانی کوردی لە چیاکانی کوردستان دا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1000 پ. ز، کە زمانی گۆتی یەکان بووە و، ئەم زمانە لە پاش ئەوەی میدی یەکان گەیشتنە کوردستان ناسنامەی خۆی وەکو زمانێکی ئاری تەواوکرد و لە نزیك ساڵی 500 پ. ز بووە زمانێکی هێندۆ- ئەوروپی، کە هەتا ساڵی 1000پ . ز لە چیاکانی کوردستان دا بەردەوام بوو واتە نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵ زمانێکی

یەکگرتووی گەلی کورد بووە. بەلاّم لە پاش ئەوە، لەبەر هۆی ڕامیاری و، کارگێڕی و کۆمەلاّیەتی و جوگرافیایی و ئابووری، چوار دیالێکتی سەرەکی لێ دروست بووە. لە دوای 500 ساڵ، لە پاش ئەو گۆڕانە، لە هەر یەکێك لەو چوار دیالێکتە سەرەکی یە گەلێك دیالێکتی ناو خۆیی دروست بوون کە ئەمڕۆ بلاّو بوونەتەوە. لێکۆڵەر چاوەڕوانە ژمارەی دیالێکتە ناو خۆییەکانی زمانی کوردی زیاد بکەن، گەر دەسەلاّتێکی زمانەوانی کوردی لێ پرسیار نەبێ، چونکە ئەو هۆکارانەی کەوا لە زمانی کوردی یان هەتا ئێستا ماون و کارتێکردنیان ماوە.

## زمانی کوردی و بنەماڵەی زمانیی

لەمەو بەر دووپاتمانکردەوە کە زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی زمانەکانی هیندۆ- ئەورووپی یە - کە بەر لە دۆزینەوەی جیهانی نوێ لەسەدەی پانزە هەمدا لەمەودایەکی فراوانی جیهانی کۆندا بلاّو بوو، لە هندەوە دەکشێ بۆ باشووری ئاسیا بەرەو ڕۆژئاوای کشوەری ئەورووپاو بەم هۆیەوە ناونراوە بنەماڵەی زمانی هندۆ ئەورووپییەکان و یەکەم کەسێ پەیوەندی زمانەوانی نێوان زمانەکانی هندۆ- ئەورووپی دۆزیەوە زمانزانی هۆڵەندی رازموس راسك (1787 - 1832) بوو، کە سەلماندی هەموو ئەم زمانانە لەشێوەیەکی دیاردا بەپەیوەندی زمانیی بەیەکەوە بەستراون و هاوبەشن، کەدیارەکانیان ئەمانەیە:

1- لەلایەنی ڕستە سازییەوە.

2- لەیەکچویی هەندێ وشە بەتایبەت ئەوانەی بەوشەی کلیل ( key words keywords ) ناسراون وەك ( باوك، دایك، خۆشك، برا).

3- سیستەمی دەنگەکان.

یەکێك لە ڕێگەکانی زانینی پەیوەندی نێوان دوو زمان دیاریکردنی دەنگی کردارە لە هەر زمانێکاو هاوشانی دەنگی کردار لە زمانەکەی دیدا، بۆ نموونە، ئەگەر پەیوەندی نێوان هەردوو زمانی ئینگلیزی و لاتینیمان وەرگرت، لەڕێی پیتی پ (**p**) یەوە لەزمانی لاتینی داو پیتی ف (**F**) لە زمانی ئنگلیزیدا هەروەك ئەم وشە لاتینیانە دەری دەخەن:[78]

1- **Fish —— Piscis**

2- **Foot —— pes**

3- **Father —— patefy**.

78-The NewNew book of knowledge ,vol.11- Carolier Incorporated, New york, 1969.P.39.

## سنووری نێوان زاراوەو زمان:

ئاساییە ڕادەی لێك جیایی نێوان زمـان و زاراوە، یـان، نێـوان دوو زمـانی هـاو جـووت دیـاری بکرێـت، چـونکە هەنـدێ زاراوە هـەن بـەزمان لەقەڵەم دەدرێن، یان هەندێ زمان بەزاراوە، بۆ نموونە لەئیتالیا، زەحمەتە ئیتالیـەکانی بـاکوور لەقسەی ئیتالیـەکانی سـەقەلیە بگـەن، هەرچـەندە هــەردوولایان بــەدوو زاراوەی ئیتــالیی قــسەدەکەن و، هــەردوو زمــانی دانیمارکی و نەرویجی دووزمانی جیان کەچی هەردوو گەلەکەیان لەهەردوو زمانەکە دەگەن! لەمـەوە دەردەکـەوێت لـە ڕادەی جیـایی نێـوان زمـان و زاراوە زۆر ڕوون نییە چونکە زاراوە لەهەمە جۆری دەنگ یان ئاوازیی یەك زمانی زیاتر نییە.

## زمانی پێوانەیی و زمانی هاوبەش:

هەرچەندە دەوڵەتانی نوێ، زیاتریان دەوڵەتانی نەتـەوەیین، لەگـەڵ ئەوەشدا زۆر دەوڵەتان هەن لەزیاتر لەزمانێکی ڕەسمی، یان پێوانـەکراویان هەیـە، لەبـەلجیکا دوو زمـانی ڕەسمـی هـەن فەرەنـسی و زمـانی فـەلمش، لەکەندا دوو زمانی ڕەسمی هەیـە زمـانی ئینگلیـزی و فەرەنسی، لـە هنـد چوارده زمانی ڕەسمی هەیە، زۆر دەوڵـەتانیش هـەن، زیـاتر لەیـەك زمـانی سەرەکیان تیایە و حکومەتەکانیان بەڕەسمی دانیان پیانانێ، لـەم لایەنـەوە

دەکرێ ئیشارەت بەهەندێ کۆمەڵەی ڕەگەزیی لەناویەك دەوڵەت بدەین کە بەزمانیکی دی بێجگە لە زمانی نەتەوەیی ئەسڵی قسە دەکەن و بەزمانی لەیەك گەیشتن لە ناو دەوڵەتدا دا دەنرێت ( Lingua franca )، لە سەردەمی عوسمانیدا کورد و عەرەب و تورك هەموویان بەزمانی تورکی لەگەڵ یەك دەدوان، بەو ناوەوەی زمانی تورکی ڕەسمی بوو بۆ لەیەك گەیشتن دادەنرا لەنێوان تورك و کوردو عەرەبدا، هەر بەو جۆرە لە نێوان تاجیك و ئوزبیك و بشتون لە ئەفغانستان کە زمانی دری (فارسی) لە ناو یەکدا مامە ڵە دەکەن، هەروەها زمانی ئینگلیزی زمانی هاو بەشی لەیەك گەیشتنە لەنێوان دەستەی هەڵبژاردەی هندی و نایجیریایە و هەر بەو جۆرەش بەنیسبەت وڵاتانی کۆمۆنوێلسی بەریتانیەوە یان بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی لەوڵاتانی کۆمەڵەی فرانکۆفونیەوە.

## زمانی یەکگرتووی کوردی:

لەهەموو وڵاتاندا، زمانی بڕیاردرا و لە دەستووردا بەزمانی ڕەسمی دادەنرێت، کە ناوی زمانی پێوانەکراوی لێنراوە ( Standard Language)) لەوە دەرچێ بەزمانی ناوەندی یان بەزاراوەی زمان حساب دەکرێ، زۆربەی گەلان و نەتەوەکان، کە حکومەتی سەربە خۆیان هەیە، زمانی ڕەسمییان، یان، پێوانەکراویان هەیە، زۆر جار ئەو زمانە لە نەتەوە،

یان دەوڵەتەوە فەرز دەکریّ و لەرِیێ دەستەلاّتەوە و بەهوی ئاین یان دەستەلاّتەوە بەفەرمان جیّبە جیّ دەکریّت.

وەك ئەوەی دەستەلاّتی حوکمرا لە چین زاراوەی ماندرینی North Mandarin Chinese)) کۆمەلّی خەلّکی دەوری (پەکین) ی پایتەختی فەرزکردوە بە زمانی رِەسمی سەرتاپای چین[79]، هەر چەندە لەزمانی چینی دا دەیان زاراوەو هەمە جۆر زمانی هەن. یان لەرِیّ ی دەوری ئاینەوە، وەك ئاینی ئیسلامی پیرۆز و، قورئانی پیرۆز لەفەرزکردنی زاراوەی قورەیش بەسەر نەتەوەی عەرەبدا وەك زمانی ((فەسیح))ی یەکگرتووی هەموو نەتەوە.

لەوانەیە هوی رِیّکنەوتنی کورد لەسەر (زمانی پیّوانەکراو) و هەلّبژاردنی نیّوان زاراوەکانی زمانەکەیاندا بگەرِیّتەوە بۆ نەبوونی ئەو جۆرە دەستەلاّتە خاوەن فەرمانە، چونکە دەستەلاّتی یە کگرتووی خاوەن فەرمان تاقە هیّزە دەتوانیّ زاراوەیەك لەزاراوەکانی هەلّبژیّری و بیکاتە زمانی پیّوانە کراوەی گشت گەلی کورد بەبیّ سەرپیّچیّ کەس و نارەزایی هیچ لایەك، ئەوسا دەتوانریّت بوتریّت کە هوکاری جوگرافی و، ژیانگە و، کارلیّکەری دەرەکی کارنا کاتە سەر بلاّوەپیّکردنی زاراوەکانی لەیەك زماندا.

---

79- Deblij Deblij De blij - H.J. (Human Geograph); John wiley & sons. New york 1996, p. 263.

لەهەموو ئەوەی ڕابوورد، دەردەکەوێت کە زمـانی کـوردی یەکێکـە لەزمانەکانی هیندی - ئـەوروپی سـەربەخۆو، بـەپێی ڕۆژگـار و سـەردەم ، گەشەی کردوە و لەپاڵ پاراستنی خاسیەتی زمانی ڕەسەن و، هەرچەند لـە هەندێ ناوچە کارلێکەری زمانە دراوسێ کانی لەسەر بووە، لەبەر هوکاری بازرگانی(ئابووری) یان ئاینی.

زمان - هەرزمانێ - بەشێکە لەشارستانیەتی نەتەوەو لێ ی جیانا بێتـەوە، زمـان، وەك شارسـتانیەت، دەکەوێتـە بـەر گـۆران و گەشـە لەئەنجامی کەڵەکە بـوونی تاقیکردنـەوەی گەلەکەیدا، لەوانەیـە گـەلێك لەناو گەلاندا جیایی هەبێ لەشێوەی ئەو زمانەدا بەکاری دێنێ، بەڵام بـە ڕۆڵەی یەك نەتەوە دادەنرێن مادەم ڕایان وایـە بەیـەك زمـان قـسەدەکەن. لەسـیفەتە بنەڕەتیـەکانی زمـانی زینـدو گۆڕانکـاری بـەرەو پێـشەوەیەتی لەگـەڵ گۆرانکـاری زمـان و ڕۆژکـار و سـیفەتی وردی جـوگرافی ، واتـە لەناوچە یەکەوە بۆ ئەوی دی، ئەمە مانای گەشەسەندنە، پرسیاری گرنگ ئەوەیە: جیایی ڕێگەدراو لەچوارچێوەی یەك زماندا چەندەیە تـا وا بکـات جیایی زاراوەکان ببنە هۆی خولقاندنی زمانی جیا لەیەك؟!

وەڵامی ئەم پرسیارە لەدیاریکردنی چەمکی نەتەوە دایە، ئاماژەمان بۆ هەردوو ڕەگەزی باوەڕو هەست دا کەمانای وایە مادەمێکی قسەکاران بەزاراوەی هەمە جۆر ڕایان وایە هەموویان بەیەك زمان قسەدەکەن ئـیتر بوونی مەودای جیایی نیۆان زاراوەکان جێ ی متمانە نییە.

بەم جۆرە دەبینین، هەرچەندی جیایی نیوان زاراوەکانی زمانی کوردی، بەهەر رادەیەك بێت، ناكرێ بە ئەساسی تانەدان لەرەسەنایەتی ئەم زمانە، یان جیاکردنەوەی زاراوە بە ئەسڵ کوردی یەکان، مادەمێکی ئەوانەی قسەیان پێدەکەن خۆیان رایان وایە کە بە زمانی کوردی قسەدەکەن، سەرەرای دەستگرتنی بەرەوشتانەیان و هەستی دەروونیان بەوەی سەر بەو زمان و نەتەوەیەن، ئەمە بەسە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بیرورایانەی سەبارەت خاسیەتی زمانی کوردی و زاراوەکانی وتراون، کە بەنیازی زەفەربردن بووە بەم زمانە و شێواندێ پێناسەی نەتەوەیی و ئینکاری رەسەنایەتی ئەم زمانە.

## بەشی پێنجەم

# ئەنجام و زمانی یەکگرتووی کوردی

لە هەموو ئەوانەوەی کە خرانە پێش چاو و ڕابووردن، ئەوەمان بۆ ساغ بووەوە، کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و، یەکێکە لە زمانە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی هندۆ- ئەوروپایی، بە ناو تاریکایی چاخە جۆر بە جۆرەکاندا هاتووە و، لەگەڵ مێژوودا ڕێگای پێشکەوتن و پەرەسەندنی خۆی بڕیوەو، هەموو بارێکی ناهەمواریشی دیوە، بەڵام ئەو نەهامەتی یەی کە بە درێژایی تەمەنی بەرۆکی بەر نەداوە، نەیتوانیوە لەو قەڵا سەختەی پیتێك بترازێنێ و کەمێك لە ناو ونیشانی کەم بکاتەوەو سەرچاوەی ڕوون و ڕەسەنی لیّلْ بکات. بەڵێ بەهۆی ژیانی ئابووری و هاموشۆی بازر گانی و پەیوەندیی ئایینی و سیاسی و تەکنەلوژیای هاوچەرخ، ، لە هەندێ ناوچەی دا ووشە و پیتی بێگانەی ئەگەر تێکەوتبێ، ئەوە هەموو زمانێکی گرتووەتەوە نەك هەر زمانی کوردی.

زمانیش، هەر زمانێك بێت، بەشێکە لە شارستانێتی ی ئەو میللەتە و، لێ ی جیاناکرێتەوە. بگرە وەکو شارستانێتیش وایە، بەپێیی کەڵەکەبوونی بەری هەموو دەستکەوتن و سەرکەوتنێکی مەزن، کە ئەو

میللەتە بە تاقیکردنەوەیەکی دوور و دێژ دەزگیری کردووە، نەك هەر کـار لە شارستانێتی ی ئەو میللەتە دەکات، بگرەتینـی بـۆ زمانەکەشـی دێـت وجـۆرە گـۆڕان وپێـشکەوتن و پەرەسـەندنێکی بـۆ سـاز دەدات. لەوانەشـە میللەتێك، لەو میللەتانەی سەرزەمین، چەند جۆرێـك دیالێکتیـان هـەبێت - وەکو میللەتی کوردو گەلێکیش لە میللـەتانی- بـەڵام خەڵکەکـەی بـە گشتی بە ڕۆڵەی یەك میللەت دادەنرێن کە هەموویان لەو بڕوایەدابن یـەك زمانیان هەیە و هەر بەو زمانەش دەئاخەفن، لەگەڵ ئەوەشـدا دەبـیٚ یـەك هەست و یـەك مێـژوو یـەك نـەریت و یـەك خـووین و لەوانـەدا هاوبەشـبن. ناونیـشانە گـەورەکانی زمـانێکی زینـدو و ئەوەیـە کـە کراسـێك بـدڕێت و کراسێکی نویٚ بەبەردا بکات و بگۆڕێت و پێشبکەوێت و پەرەبسێنیٚ. ئـەم جۆرە زمانە، بە درێژایی تەمـەنی چـاخ بەچـاخ گـۆڕانی بەسـەردا دێـت و، بـەگوێرەی هەلومـەرجی جوگرافیـایی ناوچـەکانی، ناونیـشانە کانیـشی جۆراوجۆر دەکەون. واتا ئەم جۆرە زمانە لـە پێـشکەوتندایە. جـا لێـرەدا پرسیارێکمان دێتەپێش کە ئایا، یەك زمان، تا چ سـنورێك جـۆراو جـۆرە هەڵـدەگرێت و؟ کـەی جـۆراو جـۆریی دیالێکتـەکانی دەبێتـە هـۆی پەیدابوونی زمانی جیاواز و لێکدابڕاو؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە دیارکردنی چـەمك و مانـای (نەتـەوە) وە بەندە. ئەوەبوو دوو لایەنی بیروباوەڕ و هەسـتی نەتەوایـەتیان، لـەم ڕووەوە، چەسپاند، واتا مادام ئەوانـەی بـە دیـالێکتی جـۆر بـەجۆر دەدوون، بـیر و

هەستیان ئەوەبێت کە هەموویان بە یەك زمان دەدوون، ئەوجا جۆربەجۆری و جیاوازیی ئەو دیالێکتانە هەرچە ندێك دەبێت با ببێت ، هیچ لە یەکێتیی زمانەکە کەم ناکاتەوە[80].

بەو جۆرە دەبینین، کە کەلێنی جۆراوجۆری و جیاوازی لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا هەرچەندێك ببێت، نابێتە هۆی ئەوەی هەندێکیان لە ڕەسەنە کوردی یەکەی دابڕێت و ناشێتیش بکرێتە بیانو و بۆ کوێر کردنەوەی ڕەسەنایەتیی زمانەکە. ئەوانەی بە دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی دەدوون، کە دان بەوەدابنێن، هەموویان یەك زمانن و زمانەکەشیان کوردییە و دەستبەرداری نەریتی کوردەواریی خۆیان نەبن و هەست و دەروونیان لەگەڵ ئەو یەکێتی یە بێتەزمان و بەو یەك زمانییەوە بێنە مەیدان، ئیتر ئەو بیروڕا داتاشراوانەی لەمەڕ زمانی کوردی و دیالێکتەکانی یەوە کە سەریان بە مردوویی لە هێلکە جووقاوە، داخۆ بتوانن چی لە زمانی کوردی و چکەسێتی و ڕەسەنایەتیی ئەم زمانە کەم بکەنەوە ؟!

ئەو گیر و گرفتانەی بەهۆی جیاوازی زۆریی دیالێکتە ناوچەیی یەکانەوە تووشی زمانی کوردی بوون، تووشی گەلێ زمانی تریش بوون و بگرە تا ئێستاش ئەو زمانانە بەدەستیانەوە خەرکاون. زمانی ئینگلیزی و

---

80- بڕوانە: د. خلیل أبراهیم حماش (اللغە والحچارە)، گۆڤاری ((الاقلام)) العدد/ 6، السنە العاشرە، ئ‌ۆار/1975 ص48-49.

ئەڵمانیش دووان لەو زمانانەن[81]. ئەوەتە چ ناوچە، باکووری و ناوەڕاست و باشووری یەکانی بەریتانیا خۆی بگری، یان سەرنجی ئەو وڵاتانە بدەی کە خەڵکەکانیان بە ئنگلیزی قسەدەکەن وەك وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا، جیاوازی یەکی زۆر لە نێوان زمانی ئینگلیزی هەر دوانێك لەمانەدا بەدی ئەکەیت. خۆ لە وڵاتە بەئینگلیزی دووەکانی دەرەوەی بەریتانیادا، ئەبینی زمانی ئینگلیزی یەکەیان زۆری جیایە لەو ئینگلیزی یەی لە بەریتانیا خۆیدا کراوە بە زمانی ستاندارد ( **Standard English**). مەسەلە کە بەش بەحاڵی زمانی ئەڵمانیی ناو ئەڵمانیاو خۆی و ئەو ئەڵمانی یەی لە هۆڵەندەو سویسراو نەمسادا پێی ئەدوون، هەمان چەشنە. ئەڵمانیی ئەم وولاتانە وەك دیالێکتی جیاجیای ئەڵمانی یەکەی ئەڵمانیا خۆی یان لیٚ هاتووە، چونکە ئەوەی کە پێی دەڵێین (دیالێکت) تێکڕا پێوەندی بەو جیاوازی یانەوە هەیە کە لە نێوان جۆرەکانی یەك زماندا هەن. وەك جیاوازیی ڕێزمان و تاکە وشە و جۆری بەدەمدا هاتن.

لەگەڵ ئەوەشدا یەك زمانی ئینگلیزی و، یەك زمانی ئەڵمانی، هەیە، چونکە زمانێکی ڕیشەیی یەکگرتووی هەمووڵاگرەو، چەسپێنراوە و هەموان بۆ مەسەلەی پیٚ خوێندن و دەرس وتنەوە و چاپەمەنی و

81- بەنموونە سەیری ئەم کتێبە بەنرخەش بکە:
Peter Trudgill, (sociolinguistics). London, 1974.
کە لە بابەت زانستی کۆمەڵایەتیی زمانەوە دانراوە.

ڕاگەیاندن و کولتوور، پشتی پێ دەبەستن و بەکاری دەهێنن. نەك هەر ئەوەندە، بگرە لێکۆڵینەوەی هاوچەرخی زمانەوانیش( **Linguistics**) بەتایبەتی زانستی کۆمەلآیەتیی زمان ( **Sociolinguistics**) ،لە گەلێ ولآتدا[82] دەستی داوەتە بایەخ دان بە لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان و پێدارۆچوونی، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕادەی جیاوازیی نێوان ئەو دیالێکتانە و زمانە سەرچاوەکەیان، هەروەها بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆیانەی کە بوون بە مایەی ئەو جیاوازی و دیالێکت فرەیی یە، کە دیاردەیەکە لە زۆربەی زمانە زیندووەکاندا هەیە. بەلای لێکۆڵینەوەی نوێوە، دەتوانرێت دیالێکتەکان بەم جۆرە دابەش بکرێن.

1 - دیالێکتی ستاندارد.

**2** - دیالێکتی ڕەگەزی

**3** - دیالێکتی جوگرافیایی

**4** - دیالێکتی چینە کۆمەلآیەتی یەکان.

هەرچی دیالێکتەکانی زمانی کوردین، ئەوە هەمووی بە دیالێکتی جوگرافیایی (ئیقلیمی - هەرێمی) دائەنرێن، چونکە کرۆکی هۆی بوونیان دەستکردی هەلومەرجی جوگرافیایی و سیاسی بووە، وەك لە بەشی دووەمدا ڕوونمان کردەوە، لێکۆڵینەوەیان لە سنووری جوگرافیای

---

82- تەماشای ئەم سەرچاوانەش بکە:

1- A.D.Edwards., (Longuage in culture and class). London. 1981. Pp. 44- 53.

زمانەوانی دەرناچێت. (Linguistic Geography ). واتە لێکۆڵینەوەی بابەتی زمانی کوردی و فرەیی دیالێکتەکانی لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی جیاوازی یە ناخۆیی و ئیقلیمیە تایبەتی یەکانی خۆیەوە ئەبێ، چونکە کوردستان جیاوازی زمانیی ئەوتۆی تێدانییە بە هۆی بناغەی ڕەگەزی یا بەهۆی دیالێکتی تایبەتیی چینە کۆمەلآیەتییەکانەوە پەیدابوو بێت. بەلاّم زمانی ستانداری کوردی، کە ئەمڕۆ دەمانەویت بەکار بهینرێت و پێی بخۆنیرێت، ئەوە ئەبی هەمیشە گەشەی پی بدرێت و بە وشە و زاراوەکانی هەمووان دیالێکتە سەرەکیەکانی زمانی کوردیی دەوڵەمەند بێت و، لای ئەوانەیی بەگشت دیالێکتەکان ئاخافتن دەکەن، پەسەند بکرێت، تا ببێ بە زمانی بەڕاستی ستانداردی هەموو کوردستان (Standard Language)، چونکە بەبێ ئەوە گیروگرفتەکە هەمیشە لە ڕووی زمانی کوردیی یەکگرتوودا هەر بەردەوام دەبێت[83].

جێ ی خۆیەتی ئەوەش بلّێین کە وێژەوان و نووسەرانی دلّسۆز و بەتەنگەوە بووی کورد هەمیشە لە خولیای ئەوەدابوون زمانێکی

---

83- بۆ زیدە زانیاری دەربارەی ئەم مشت و مڕە بڕوانە:

1- عصمت شريف وانلی، ( مسألە توحيد اللغه الكرديه)، **مطبعة** الاهالی، بغداد، 1960 (21 صفحه) .

2- ص. هەژار، )سۆرانی یاکرمانجی- وەرامی(( مسألە توحيد اللغه الكرديه))، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 1960. (39 لاپەڕەیە).

یەکگرتووی کوردی تەشەنە پێ بکەن و ڕێگای لێك نزیك کردنەوەی دیالێکتە گەورەکانی بدۆزنەوە و لەو پێناوەدا بکۆشن. خۆ گەلێ جاریش لە ووتووێژ و کۆبوونەوەو کۆنگرەکانیاندا ئەو ئاواتەیان خستووەتەڕوو. ئەوەبوو لە بڕیارو پێشنیازەکانی دەسەنجامی کۆنگرەکەی دووەمی مامۆستایانی کورد دا کە لە ساڵی1960 دا گیرا[84]، گەلێ بابەتی

84- کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە نێوان10 -13ی ئەیلولی1959 دا لە شەقلاوە گیرا. کۆنگرەی دووەمیشیان دیسان لە شەقلاوە لە نێوان15 -17ی ئابی1960 دا گیراو نوێنەران لە هەندێ پارێز گاوە بەم جۆرەی خوارەوە تیایدا ئامادە بوون:

لە دیالەوە(8) ئەندام لە کووتەوە(3)، لە بەغداوە(11)، لەکەرکەوە(15)، لەموسڵەوە(28)، لە هەولێرەوە(33)و لە سلێمانی یەوە(35) ئدندامی چالاك و دڵسوز لە مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەو کۆنگرەیەدا ئامادەبوون. جگە لەوانە(22) میوانی ڕۆشنبیری کوردیش هاوبەشی یان تێداکردو(9) نوێنەری ڕێکخراوە عیراقی یەکانیش بەشداربوون(4) نوێنەری نقابەی مەرکەزیی مامۆستایانیش ئامادە بوون. بەو پێ یە کونگرەگێرا ن بووبە(168) ئەندام و لەژێر چاودێریی وەزیری پەروەردەکردنی ئەو سەردەمە مامۆستا (اسماعیل عارف)دا کۆبوونەوەو کاك (علاء الدین محمود) پارێز گاری ئەو سەردەمەی بارێز گای هەولێرو کاك (جمال حاجی شفیق) بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردیی ئەو کاتەو (د. **صفاء حافظ**) سکرتێری گشتیی نقابەی مامۆستایانی ئەو سەردەمەی عێراقیش تیایدا ئامادە بوون و کۆنگرەکەش لە لایەن پارتە سیاسی و نقابە نیشتمانی یەکانەوە بایەخی خۆی پێ درا. بۆ زانینی زیاتریش لەمەڕ کۆنگرەکەوە بەباشی سەیری ئەمەی خوارەوەبکە: (( گونگرەی دووەمی ناو خۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، لە بلاوکراوەکانی لقی نقابەی مامۆستایان لە سلێمانی، ژمارە7، چاپخانەی ژین- سلێمانی،(112) لاپەڕەیە)).

جۆربەجۆر دەستنیشان کراو، زمانی کوردیش یەکێك بوو لەوانە. جا بۆ ئەوەی درێژەی پێ نەدەین، وا بەکورتی گرنگترینی ئەو بڕیار و پێشنیازانە دەخەینەوە یاد.

1- لیژنەی وەرگێڕان[85]:- لەپەرەگرافی یەکەمی بڕیارەکانیدا کە بەتایبەت بۆ زمانی کوردی بوو دەڵێ:

(( خێراکردن لەپێك هێنانی کۆزمانی کوردی بۆ ئاسان کردنی ئیش و کاری وەر گێڕان و دانان)).

لە پەرەگرافی دووەمیشیدا ئەم بڕیارەی داوە:

(( پێویستە ئاگاداری بیروڕای نزیك خستنەوەی شێوەکان لە یەکتر بکرێ لەکاتی وەرگێڕانی پەڕاوەکانی قوتابخانەدا، هەروەها ئەو بڕیارانەی کۆنگرەی یەکەم دووبارە ئەکەینەوە کە لە بەشی لیژنەی وەرگێڕاندا ناونرابوو..)).

2- لیژنەی زمان[86]:- لەپەرەگرافی یەکەمی بڕیارەکانیدا ئەمەی وتووە:

(( شێوەی سۆرانی بکرێت بەبنچینە بۆ زمانی کوردی لە عێراقدا و موتوربە بکرێت بە شیوەکانی تری کوردی بەجۆرێکی سروشتی، تاوەکو

---

85- کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، هەمان سەرچاوە، ل57-58.

86- کۆنگرەی دووەمی ناو خۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە هەمان سەرچاوە، ل60.

كۆزمانێـــك پێـــك دێـــت و چـــارەیەك ئەدۆزێتـــەوە بـــۆ گیروگرفتـــەكانی یەكخستنی شێوەكانی زمانی كوردی)).

3- لیژنەی ((وێژە)) ئەدەب[87]:- ئەم لیژنەیە ئەم پێشنیازەی كرد:

(( كۆنگرەی دووەم پێشنیاز ئەكات كە كۆزمانێـك دابمەزرێنرێت بـۆ كاروباری زمانی كوردی و لێكۆڵینەوەی زمانەوانی و بۆ پێشكەوتنی ئـەم كۆزمانەش سوود وەربگیرێ لە هەموو شارەزایان و ڕۆشنبیرانی كورد چ لە عێراق دا، و چ لە دەرەوەی عێراق دا بن.))

جا ئەگەر بێت و لە ساڵی(1960)ەوە دەست پـێ بكـەین، كـە لـەو ساڵەوە بە دڵ بانگەوازی ئەوە هەڵدرا كە دیالێكتی ((سۆرانی)) ببێـت بـە بنچینەی زمانی كوردی لە عێراقـدا، وەك پـەرەگرافی دووەمـی نـاوبراودا دەستنیشان كراوە، دەبینین ئەو هەنگاوانەی كە لەوسـاوەو تـاكو ئێـستاش نراوە لەڕێی موتوربەكردنی ((سۆرانیدا)) بـە وشـەو زاراوەی ((بادینـانی))، هەنگاو گەلێكی پڕ ساتمە بووەو سودێكی ئەوتۆی نەبووە[88].

---

87- كونگرەی دووەمی ناخۆیی مامۆستایانی كورد لە شەقلاوە، هەمان سەرچاوە، ل58.

88- لـەوەختی خویـدا بەرێوەبەرایـەتیی گشتیی خوێنـدنی كـوردی لەسـەر بڕیـاری وەزارەتـی پـەروەردەكردن (لەبەغـدا) ژمـارە(54474). رۆژی19-11-1984 دەسـتیانكردووە بـە موتوربە كردنی هەموو كتێبە قوتابخانەیی یەكان و سێ كتێبی خوێندنەوەی كوردی بـۆ پـۆلی یەكەم و دووەم و سێ یەمی سەرەتایی بەدیالێكتی تیكـەڵ دانـراوەو تـەواوبووە. پلـە بـە پلـەش هەموو كتێبەكانی تر بۆ سالآنی ئاینده بە كرمانجی باكوور موتوربە دەكرێن وكـە ئەبوایـە لـە

جا کە ئەم دیالێکتە هەتا ئێستاش لـە ناوچـەی بادینانـدا کـەمێ بەگران فێری بن، ئەی ئەبێ لە دامێنی باکوور و باشووری کوردستاندا لـە چ دۆخێکدا بێت؟؟

ئێمـە ( هـەر وەکـو لـە دابەشـکردنی دیالێکتـە سـەرەکی یەکانـدا دەستنیشانمان کردووە) پێشنیار دەکەین یەکێك لەم دوو دیالێکتە بکرێت بـە بناغـەی زمـانێکی یـەکگرتووی کـوردی و لـە هـەموو ناوچـەکانی کوردستاندا بخرێتەکار، چونکە هەر یەکێك لەم دیالێکتانـە مێـژوو ڕەگـی خۆی لە ناوچە جـــوگرافیاییەکانی خۆیاندا


داکوتاوەو پاکانەی خۆسەپینەریی خۆی هەیـە وەك زمـانێکی سـتانداردی یەکگرتوو بۆ نەتەوەی کورد. ئەم دوو دیالێکتیکە ئەمانەیە:

أ - **کـــرمـــانجی ناوەراســـت:** چونکە ئـەم دیالێکتـە زمـانی ڕۆشنبیری و فێرکردن و پەروەردەکردنەوەی هەرێمیکی فراوانـی ناوەڕاسـتی کوردسـتانە لەشـارەکانی هـەولێر، سـلێمانی، کـەرکوك، خـانقین، سـنە، مهاباد، بوکان، سقر، سەردەشت و لە هەموو دیالێکتە کـوردی یـەکانیتر زیاتری پێ دەنووسرێت و بلاو دەکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش ئەم دیالێکتـە ، لەباری جوگرافیاییەوە، کەوتووەتە ناوەڕاستی دیالێکتە سەرەکی یەکانی

---

سالّی خوێندنی87-1988 دا دواپلەی ئامـادەیی دەگرێتـەوە، بـەلاّم ئـەم پرۆژەیـەش پوچـەڵ بوو.


تــرە و ناوەڕاســتی کوردســتان و پــەپیتی عــەرەبی دەنووسـریت، بڕوانــە نەخشەی ژمارە (4).




نە خشەی (4) تەشەنەکردنی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست

**ب- کرمانجی باکوور:** لە بەر ئەوەی زۆرینەی میللەتی کورد بەم دیالێکتە دەدوین و، لە فراوانترین هەرێمی کوردستان بلاوەو لە کوردستانی تورکیا و سوریاو بەشێك لە کوردستانی ئێران و عێراق و کوردەکانی ئەرمیینیاو ئازەربایجان پێ دەنووسریت و بلاودەکرێتەوە، زۆرینەی ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتە بە پیتی لاتینی نووسراون. بڕوانە نەخشەی ژمارە (5 ).

نووسەرانی ئەم دیالێکتە لەساڵی 1932 پیتی ڕۆمانی (RomanRoman Script) واتە ( لاتینی) یان لە نووسین بەکار هێناوە، بەلاّم کوردی یەکێتی سۆفێتی جاران، بەتایبەتی لە ئەرمینیاو ئازەربیجان، پیتی سلاڤی (Cyrillic Script) بەکار دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا نووسەران و وێژەوانان و دانەران لە کۆنفرانسی خۆیان لە یەریڤان ساڵی 1934، هەرەمەکی، بانگەوازی دانانی دیالێکت و ڕێزمانیان بەزمانی ستانداردی یەکگرتووی کورد **دەرکرد** ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێك وگشت لایەکێشە کە لەڕێی بەرژەوەندیی گشتی وەدیهێنانی ئاواتی نەتەوایەتیی میللەتی کوردا هەموو ڕێگایەکی راست بۆ بەکارخستنی ئەم پێشنیارە بگرنە بەر ،بەمەرجێك لەماوەیەکی دیاریکراوی مێژوودا ئەنجام بدرێت .




نه خشەی (5) تەشەنەکردنی دیالێکتی کرمانجی باکوور

بێ گومان هەتا کۆشش وچالاکی زیاتر بێت ئەم ماوەیە نزیکتر دەبێتەوە ،دەنا ئەگەر بەساردی دەستی بدەینێ درەنگ دەکێشێت .

ئێمە بەلامانەوە وایە کە ئاواتە ئەگەر بەگشتی و کۆمەکی نەکرێت بە ئامانجێکی ستراتیژیی پێویست ، نایەتەدی و بڕواشمان وایە ئێمەش لەڕێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە هاوبەشی یەکی پڕ بە دڵ وکاریگەر لەم ڕێگایەدا دەبەخشین :-

1-پێویستە ئەو دیالێکتە لەڕێی دەستەلاتێك یان سیاسەتێکی بالاوە (پەرلەمان وحکومەت ) بسەپێنێت ونەخشەوپلانێکی ڕاگەیاندن وپەروەردەکردن و ڕۆشنبیرییەکی ئەو تۆ بەسەر هەموو لایەکدا ئەم ڕێبازە بگرێتە بەرو بەهێزی بکات *.وێژەوان وشاعیر و نووسەرو هەموو ڕۆشنبیرێکی کوردیش دیسان پێویستە لە سەریان کە هەر لەخۆیانەوەو لەسەر ئارەزووی خۆیانەوەو لەسەر ئارەزووی خۆیان ئەم ڕێبازە نەخشەی (5) تەشەنە کردنی دیالێکتی کرمانجی باکوور بگرن و لێی لانەدەن و هەستێکی نەتەوایەتیی پاك و ئامادەیی یەکی ئەو تۆیان هەبێت کە ئەم نەخشەیە ببەنە سەرو پێشی بخەن و

تەواوێك پێی قایل بن و لەڕێی بەرژەوەندیی ئەو ئاواتەدا لە کۆششی دڵسۆزانە درێغی نەکەن.

---


(89)* Philip G. kreyen breek and Stefan sperl , (the kurds : acotemporary overview ), routledge , soas, London .Pp. 71-72.

2- ئەو دیالێکتەی ( کە بە بناغەی زمانە یەکگرتوو دادەنرێت) دەبێت لەڕێی دامەزراندنی کۆزمانێکی بەرپرسیارەوە هەموو وشەو زاراوەو ڕستەی هەڵبژێراوی گشت دیالێکتەکانی تری تێدا تێهەڵکێش بکرێت و پیّ یان دەوڵەمەند بکرێت، بۆ ئەوەی لەلایەن
هەموو لایەکەوە کە پەیوەندی یان پێوە هەیە پەسەند بکرێت و بخرێتە بەرکار و ئەو زاراوە تازانەش کە جیهانین و گێتی بەگشتی بیەکاریان دەهێنێت پشتگویّ نەخرێن و لە بیرنەکرێن.
3- پێویستە وەزارەتەکانی پەروەردە و فێرکردنی بالاّو ڕۆشنبیری، بەگوێرەی توانا هەموو لیژنەی دانان و گۆڕینی کتێبە قوتابخانە یی یەکان هان بدات کە تا بتوانن و بۆیان بکرێت وشەو زاراوە لە هەموو دیالێکتەکانی تر هەڵبژێرن و بەکاریان بهێنن، چونکە لەڕێی ئەم کتێبانەوە ئەو گریّ و گیری یانە تەخت دەکرین کە وەکو کۆسپێك کەوتوونەتە سەر ڕێگای بلاّوکردنەوەو سەپاندنی زمانە یەکگرتووە کە.
4- پێویستە پارتە سیاسی و ڕێکخراوە کوردی یەکانیش لەوێژە سازی و بلاّوکاری یەکانی خۆیاندا ئەم ڕێبازە بگرن و لێی لانەدەن بۆ ئەوەی وشەو زاراوە تازەکان تابکرێت بەفراوانی بخرێنە کار و بنج بهاون.
5- دەبێت دەزگا ڕۆشنبیری یە کوردی یەکانیش کە ئەرکی بلاّوکاریی کوردی یان لە ئەستۆیە، لە هەموو چاپەمەنیی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و نامیلکەکانیاندا ئەم ڕێبازە بگرن و، بەمەرجێکیش یارمەتیی ئەو دانەر

و نووسەرانە بدەن کە ئەم ڕێگایەیان گرتبێ و، ڕاپۆرتی شارەزایانیش لە هەڵسەنگاندنی ئەو نووسراوانە دا ئەوەی وتبێ.

6 - پێویستە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تری وەکو ئێستگە و گشت کە ناڵەکانی تەلەفیزیۆنی کوردیش لەهەموو بەر نامەکانیاندا ئەوە ڕەچاو بکەن و لەو وێژەسازی یە کوردی یانەدا کە بلاوی دەکەنەوە لەو ڕێبازە لانەدەن، چونکە ئەم دوو هۆیە تا بڕیکەن و بگەن، یەکەو ڕاست و چونیەك کار لەبینەر و گوێگر دەکەن.

7- پێویستە فەرهەنگێکی گشتی یەکگرتووی کوردی هەبێت، وشەو وشە هاوماناکانی هەر چوار دیالێکتە کوردی یەکە دەگرێتەوە. لەکاتێکدا ئەگەر لە توانادا نەبوو هەندێ وشە یان زاراوە بدۆزرێتەوە، دەبێ لە ڕێگەی تێکەڵ کردنی وتە یان داتاشینی وشەوە لە زمانە کە خۆیدا دروست بکرێن، خۆ ئەگەر ئەمە نەکرا، دەبێ لەو خێزانە زمانە وەربگیرێن کە کوردی یەکێکە لێ ی. ئەگەر ئەمەش نەکرا ئەوا لەو وشە عەرەبییانەوە وەربگیرێن کە بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردی یەوە، ئەگەر ئەمانەش نە بوون با زاراوەی جیهانی باو بەکار بهێنرێت. دەشبێ وریاو ئاگاداری ئەو زانستیانە بین کە پێشکەوتنی ژیان بە هەموو لایەنەکانی یەو بەردەوام پەیدایان دەکات .



نەخشە(6)  جێگای زمانی كوردی لەجیهاندا

8-دەبێت وێژەوان ورۆشنبیرانی کورد لە نووسینی ڕۆژنامەکاری ودانانی کتێبدا ئەم شێوازە ڕەچاو بگرن و کتێبەکانیان بە زاراوە و وشەی دیالێکتی باکوور و باشوور و گۆران و زاراوە جیهانی یەکانیش چونیەك پڕ بێرو پێز و دەوڵەمەند بکەن. هەموو نووسەر و شاعیرێکیش کە سەر بە دیالێکتی کرمانجیی باکوور یا هی باشوور یان ویژەوان و ڕۆشنبیرانی کوردن لە نووسینی ڕۆژنامەکاری و دانانی کتێبدا ئەم گۆرانن، و لە یەکێك لەو دیالێکتانەوە ئاو دەخۆنەوە، پێویستە لە سەریان لە نووسیندا شێوازێکی ئەوتۆ بەکاربهێنن کە تەواویٚ ئەو دیالێکتە تێدا دەرکەوێت و بە ئاشکر ا خۆی بنوێنیٚ، چونکە ئەم دیالێکتە، خۆ گرتووە، زمانی یەکگرتووی کوردە, هەروەها دەبێت بە وشەو زاراوەی دیالێکتە کانی خۆیان موتوربە و دەوڵەمەندی بکەن و لەپێناوی دابینکردنی بەرژەوندی نەتەوایەتیدا، لەهەموو بەروبوومێکی نووسینی خۆیاندا ناوچە گەریی دیالێکتی واز لیٚ بهێنن و لەبەر چاوی بخەن[90].

---

90-هـ

ێشتا ئومێدەوارم، کە بەشێکی ئەم ئاواتەم بەسەر پاکی نەتەوایەتێداو بەگوێرەی ئەم پێشنیازانە دوای تێپەبوونی سەد ساڵ بەسەر چاپی یەکەمی، ئەم کتێبەدا کە لە ساڵی 1985بێتە دی.

## سەرچاوەکان :

### أ- سەرچاوە کوردی یەکان:

1- شــەرەفخانی بدلیــسی،(شــەرەفنامە)، وەرگێــر، هــەژار، چــاپخانەی نعمان، بەغدا 1972.

2- ص. هــەژار (سـۆرانی یاکرمــانجی - وەرامــی مــسألة توحیـد اللغـة الکردیة)چاپخانەی ژین، سلێمانی1960.

3- عز الدین مصطفی رسـول ((زمـانی ئـەدەبی یـەکگرتووی کـوردی))، بغداد1971.

4- کریم زەند،(زمانی کوردی وهونەری وەرگێڕان)، سـلێمانی، چـاپخانەی کامەرانی، 1977.

5- کـۆنگرەی دووەمــی نــاو خـۆیی مامۆســتایانی کـورد لەشــەقلاۆە، لــەبلاۆکراوەکانی لقــی نقابــەی مامۆســتایان لەســلێمانی، ژمــارە(7)، چاپخانەی ژین سلێمانی.

6- محەممەد ئەمین هـەورامی(زاری زمـانی کـوردی لـە تـەرازوی بـەراوورد دا)، بەغدا1981.

7- محمد خالێ ، (فەرهەنگی خالێ)، سلێمانی1960.

### ب - سەرچاوە عەرەبی یەکان:

8- انور المائى(الاكراد فى بهدينان) الموصل، 1960.

9- جێمس هنرى براستد(تـأريخ العـصور القديمـة)، ترجمـه داود قربـان، بيروت، 1926.

10- جێمس هنرى براسـتد(انتـصار الحـضارة)، ترجمـه د. احمـد فخـرى، القاهرة، بدون سنة الطبع.

11- خليل ابراهيم حمـاش((اللغـة والحـضارة)) مجلـه الاقـلام، العـدد6، السنه العاشره، اڎار 1975.

12– عصمت شريف وانلـى،(مـسألة توحيـد اللغـة الكرديـة)، مطبعـة الاهالي ، بغداد 1960.

13– محمد امين زكي(تأريخ الدول والامارات الكردية)، تعريـب محمـد على عوني، مطبعة السعادة، القاهرة 1948.

14– محمد امين زكي(خلاصة تأريخ الكرد وكردستان)، ترجمة محمد على عوني،ط2،ج1، بغداد 1961.

15– وزارة الداخليـــة(دليـــل التعـــداد العـــام لـــسنة 1965) بغـــداد، 1965.

**-A.Abbreviation**

**B.S.O.S. = Bulletin of the School of oriental studies and African studies.**

**G.J = Geographical Journal.**

**J.R.A.S. = Journal of the Royal Asiatic Society.**

**J.R.G.S. = Journal of the Royal Geographical Society.**

**-B.References:**

**16-Ausien H.Layard., (Discoveries among the ruine of Nineveh and Desert). New york, 1853.**

**17-Edmonds, C.J,(kurks, Turks and Arabs). London, 1957.**

**18-Del Hymes., (Foundation in Sociolinguistics). London, 1974.**

**19- E.B. Soane; (Grammer of the kurdish Languge). London, 1913.**

**20- George N.Curzon; (persia and persian question). London; Vol. 2, 1822.**

**21- Henry Field., (Contribution on Anthropology of Iran). Chicago, 1939.**

**22- James Creagh; (Armenians, Koords and Turks). London, 1880.**

**23- M.M. Van Bruinessen; (Agha,Shaikh and state). 1968.**

**24- Mrs. Bishop; (Journy in persia and kurdistan). Vol. I. London, 1891.**

**25-peter Trudgill; (Sociolinguistics). London, 1974.**

**26- Philip G. Kreyen breek and stefan sperl, (The kurds: acotemporary overview), Routledge, SOAS, London.**

**27- Raphael patai.; (Society, Culture and Change in the Middle East). 3rd ed., University of pennsylvania press, 1971.**

**28- Toufiq wahby; (The origins of the kurds and their Language). Sweden, 1982.**

**29- Taufiq wahby, and C.J. Edmonds; (A kurdish- English dictionary), oxford, 1966.**

**30- The Encyclopaedia Britannica; Adictionary of Arts, science, litreture, General informalion, 3oth edition, vol. 16.**

**31- The Encyclopaedia of Islam, vol. I,Leiden, 1960.**

32- Vantan Melkonian; (The Grass- folk; Notes on Bakhtaries). Basrah, 1940.
33- Williams Moris; (The Heritage illustrated,dic- tionary of the English Language). Nek york, 1973.
34-Williamo Douglas, (Strange Land and Friendly), London, 1952.
- C.reports:
35- Arnold Tablet wilson; (Military report an S.W. Persia-Luristan), vol. 5., Simla, 1912.
36- E.B.Soane; (Report on the sulaimani District of kurdistan). Calcutta, 1918.
37- E.M. Noel; (Diary of Major E.M. Noel, on special duty in kurdistan from June, 4th to september 12st, 1919), Basrah, 1919.
38- E.W.Noel (Major); (Note on the kurdish situation), Baghdad, 1919.
39- Military report on S.W. Persia (kuhgalu country). Vol. Lv., Simla, 1919.
- D.Articals and Journals:
40- Basile Nikitine; (kurdish stories from my colleton), B.S.O.S., Vol. Lv, 1926- 1928.
41- C.J.Edmonds; (The place of the kurds in the middle Eastern scene), R.C.A.J., Vol. X17, part II, 1958.
42- C.J.Edmonds, (Luristan), G.J. Vol. Lix, number 5, 1922.
43- Colonel H.A. Sawyer; ( The Baghtiari Mountains and upper Elam). G.J., Vol.17, no. 6, 1894.
44- De Bode, ( The Country of Mamassani and kuhgilu), J.R.G.S., Vol. 13, part1, 1834.
45- E.B. Soane, ( Notes on the phonology of Guran poetry). J.R.A.S., Part 1, 1921.
46- E.B.Soane; (A southern kurdish Folksong in kermanshahi Dialect). J.R.A.S., July, 1909.
47- Edward noel; (The character of the kurds as illustrated by their proverbs and popular saying). B.S.O.S., Vol. 1, partIV,1920.
48- G.R.Driver; (Studies in kurdish history), B.S.O.S., Vol. II. Part III. 1922.
49- G.S.F. Napier; (The Road from Baghdad to Baku). G.J., Vol. LIII, number 1, 1919.

**50- Houtun- schindler; (Southern kurdis folksong in kermanshahi Dialect). J.R.A.S., 1909.**
**51- Jarl Charpentier; (The original home of lndo- Europeans), B.S.O.S., Vol. IV, 1920- 1928.**
**52- J.V. Harrison; (The Bakhtiari country). G.J. Vol. LXXX, number 3., 1932.**
**53- Major Rawlinson; (Notes on a march from zahab, at the foot of zagros, along the Mountains to kurdistan (susiana), And from thence through the province of Luristan to kirmanshah, in the year 1836), J.R.G.S., Vol. 9. Part 1, 1839.**
**54- Sir Arnold T. Wilson; (The Bakhtiaries), J.C.A.S. Vol. Xlll, part lll, 1926.**
**55- T. Cyler young (The Bakhtiaries). J.G.A.S., Vol. Xlll. Part lll. 1926.**
**56- T. Cyler young; ( The Iranian Migration into zagros). IRAN, Vol. V. 1967.**
**57- V. Minorsky; ( The Guran) B.S.O.A.S., Vol. Xl. Part 1, 1934.**